**دۆسیەی ژمارە: جینۆسایدی خەڵکی شەنگال**

**دیمانە لەگەڵ عومەر محەمەد و کامەران محەمەد...**

**لە لاپەڕەکانی 12-13-14 دەخوێننەوە**

**بۆپێشەوە**

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم، ژمارە (57) 1/8/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

# جینۆسایدی خەڵکی شەنگال بەڵگەنامەی یەکێک لە گەورەترین تاوانی ئیسلام و بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتییە!

٣ ئەم مانگە یادی پێنجەمین سالّیادی جینۆسایدی خەڵکی شەنگال و دەوروبەریەتی... پێنجەمین سالّیادی یەکێک لە گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی هەزارەی سێهەمی هەسارەی سەر زەوییە، بەدەستی هێزێکی رەشی ئیسلامی محەمەدی... هێزیک کەدوای زیاتر لە چواردە سەدە، لەپەیدابوونی ئیسلام و داسەپاندنی دەسەڵاتی رەشەکەی، جارێکی تر لە ژینگەی ئامادەکراوی دەستی غەرب و ملهوری ئەمریکاو نۆکەرە ناوچەیی و لۆکاڵیەکانیدا، سەری لە گۆڕ بەرزکردەوە و ویستی داسەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی راگەیاند. دوبارە داسەپاندنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی کردەوە بە پەیامی رۆژ و بە بەدەستەوەگرتنی ئایەتەکانی قورعان و خودا و فەرمودەکانی پەیامبەری ئیسلام، هیرشی هێناو گەورەترین تاوانی بەدژی ئینسان و مرۆڤایەتی بەگشتی وەرێخست...

داعش کاتێک هێرشی کردە سەر شاری موسڵ و چەندین ناوچەی تر لەماوەیەکی زۆر کەمدا توانی سوپای داوەشاوی حکومەتەکەی مالیکی رامالێت... ئەو پێشرەیەی داعش تای نەتەوەپەرستی و دەمارگیری قەومی بردە سەرەوە، لە حزبە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بۆ حزبە ئیسلامیەکان، کە هاوسۆزی داعش بوون، تا دەگاتە نووسەرە دەربارەکانی دەسەڵات و نوخبەی بەناو روناکبیری! کوردی...

بۆ لاپەڕە ٢



© picture alliance/AA



## عومەر محەمەد: ئەوەی نەپارتی و نە خەڵکیش ناتوانن نکوڵی لێ بکەن، ئەوەیە کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان مەیدانی ڕوبەڕووبوونەوەیان چۆڵکردووە، بە واتای ئەوەی داکۆکییان لەو خەڵکە هەژارو بێچەکەی شەنگال نەکرد... ل 12-13



## کامەران محەمەد: داعش دوبارە نووسینەوەی لایەنە ڕەشەکانی مێژووی ئیسلامە بە فۆنتێکی گەورەتر...ل14

## بانگەواز... ل15



بانگەواز – لەندەن

**با بۆ دیفاع لە کرێکاران و چالاکوانی سیاسی بێینەمەیدان!**
**دەبێت رژێمی ئیسلامی دادگایی بکرێت نەک کرێکاران!**

بانگەوازی کەمپینی پیکتی دوو رۆژەی نارەزایەتی دژ بە دادگایکردنی نوێنەرانی کرێکارانی کۆمپانیای ئیشکری حەوت تەپە و دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی " هەنگاو " لەلایەن رژێمی تاوانبار و دژی کرێکاری ئیسلامی ئێران، لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی سەفارەت و کونسوڵگەری رژێم لە لەندەن.

رژێمی تاوانبار و دژی کرێکاری دەیەوێت نوێنەرانی کرێکارانی کۆمپانیای ئیشکری حەوت تەپە و دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی " هەنگاو " کە ئەم کەسانەن لە رۆژی ٣ ی ئۆگەستی ٢٠١٩ لە یەکێک لە دادگاکانی رژێمی هاری ئیسلامی سەرمایە لە تاران دادگایی بکات.

١- اسماعیل بەخشی ٢- علی نەجاتی ٣- سپیدە قلیان ٤- ساناز الهیاری ٥- امیر حسین محمدی فرد
٦- عسل محمدی ٧- امیر امیر قلی

ئێمە بۆ هاوپشتی ئەوان و لە نارەزایەتی بە دادگایی سەرکوتگەرانەی رژێمی ئیسلامی بۆ ماوەی دوو رۆژ لە ١٢ی نیوەرۆوە تا درەنگانێکی ئێوارە پیکتی نارەزایەتی ئەنجام دەدەین.

ئێمە کە ئەم کەمپینەمان واژووکردووە داواکارین لە هەموو کەسانی ئازادیخواز و شۆڕشگێر لە بەریتانیا لەم نارەزایەتیەدا لەگەڵمان بن، وە هەوڵبدەین ئەم رۆژە بگۆرین بە رۆژی دادگایکردنی تاوانباری رژێمی ئیسلامی ئێران. ئێمە داواکاری بەشداری و هاوکاری هەموو حزبە چەپ و کۆمۆنیست و کەسایەتی خەباتکار و ئازادیخوازین.

رۆژەکانی هەینی و شەممە (دوو و سێی) ئۆگەست لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆوە تا درەنگانێکی ئێوارە.
رۆژی شەممە لە کاتژمێر ٢ وە بە ڕێپێوان لە بەردەم سەفارەتەوە بە رەو کونسوڵگەری رژێمی ئیسلامی دەڕۆین.

رۆژەکانی ٢ و ٣ی ٨ی ٢٠١٩

داواکارین لە هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی دانیشتوی لەندەن و دەوروبەری لەم پیکتە نارەزایەتیەدا بەشداری

**نا بۆ تۆمەت دروستکردن و دادگایی کرێکاران و هەڵسوڕاوانی سیاسی!**
**بڕوخێت رژێمی تاوانبارو دژی کرێکاری ئیسلامی ئێران!**

ئەو کەسانەی کە واژوومان کردووە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| رەحمت فاتحی | رەئوف ئەفسایی | علی خدری | ئەلماس فرضی | علی دماوندی |
| سعید ئارمان | نوری بەشیر | ابراهیم محمد | محسن حسینی | صحرا هروی |

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە:
07877489626 - 07476204121 – 07740076631

## پڕۆژەکەی مەلا بەختیار و سەرە قەڵەمێك...ل3

## سەرمایەداری، بازرگانی سێکس و ستەم بۆ سەر ژنان...ل5

## سواڵکردن یان تێکۆشان ڕەوایە؟..ل4

## نەوت دزەکان زۆرتر دەبن!...ل2

## یەکەم دەست نووسی قورئان نەصرانی هاجەری بووە...ل10_11

## تورکیا: هەڵاوسانی ئابوری موچەی فەرمانبەران دەخوات...ل4

## پرسی ژن



ل 6

هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان...ل8

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل7

دیمانەی هاوپشتی لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە لەباردبردنی منالّ...ل9

# وتەی ژمارە

لەجەرگەی بیستن و بینیی هەزاران لاشەی لەخوێن هەڵکێشراوی عەرەب و کوردو مەسیحی و ئێزیدا، لە ناو ئاە و ناڵەی سەدان هەزار ئینسانی بێخانەو لانەکراو و ئاوارەدا.... خۆشحاڵی خۆیان بەسەرکەوتنی داعش دەردەبڕی. سەمای سەرکەوتنی کوردا!!، و ئاهەنگیان بۆ دەستکەوتنی فرسەت وەرێخست. هەموویان وتیان فرسەتە، بارزانی مژدەی سەربەخۆی ڕاگەیاند.

کاتێکیش، داعش وەکو هێزی خوداو قورعان و جێبەجێکەری پەیامەکانی پەیامبەر... هێرشی کردە سەر شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، هـێـزە زۆر زەوەنـدەکەی پـارتـی و حـزبە هاوپەیمانەکانی، هاوشێوەی سوپای بودەڵەی مالیکی رایانکرد. و بەسەدان هەزار ئینسانیان بەدەستی بەستراوەوە بۆ جانەوەرانی ئیسلامی داعشی جێهێشت.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتیش پارتی، کە هەمیشە بە هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانیەوە دەفشین، کاتێک هێزەکانی داعش پەلاماری شەنگال و دەوروبەریاندا، بێ هیچ بەرگرییەک رایانکردو بەسەدان هەزار ئینسانیان، بەدەستی بەستراوەوە بۆ دڕندەکانی ئیسلام جێهێشت. هێندە بێ شەرمانە رایانکرد، تەنانەت ئامادەنەبوون بەر لە ڕاکردنیان دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری ئاگادار بکەن، کە نایانەوێ یان ناتوانن بەرگری بکەن، تا لانی کەم خەڵک بیرێک لە خۆیان بکەنەوە یان بتوانن شار و شوێنی ژیانیان چۆڵ بکەن و کاریگەری ئەم کارەساتەو قوربانیەکانی کەم بکاتەوە. هەر ئەوەشە وادەکات گومان دروست بکات کە شەنگال لە مامەڵەیەکدا رادەست کراوە.

ئەو تاوانە کەم وێنە تەکاندەر و ویژدان هەژێنە گەورەیە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، جگە لە ئاڵوگۆڕێکی زۆر لاوەکی لە چەند پۆستێکی ئیداری کە پەنجەکانی دەستێک تەواو ناکەن، هیچ لێپرسینەوەو سزایەک، نەگەیشتە دەستی تۆمەتبارانی ئەم کۆمەڵکوژییە دڕندانەیە، بەتایبەتیش لە سلکی سەربازی و بەرگرییدا!! ئەوەش هێندەی تر ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە، کە بریاری پشتی ئەو کارەساتە، بریاری سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتییە و سات و سەودایەکی پشت پەردەی پارتی لەگەڵ داعش بەئاشکرا بەیان دەکات. سات و سەودایەک کە ئەوکاتە بۆسەرانیان بۆتە نیعمەت، لەسەر لاشەی جینۆسایدی بەکۆمەڵ و ئیغتیسابی ژنان و کچان و بازارکردنەوەو مامەڵە پیکردنیان و ئاوارەیی بە کۆمەڵ و ئەو مەرگەساتەی هەرگیز ناتوانرێت لە بیربچێتەوە. ئەو راستیەش فەرامۆش ناکرێت، کە تەواوی حزب و هێزەکانی تری بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامی، لە یەکێتییەوە، بۆ حزبی گۆڕان و سۆشیالیست و کۆمەڵ و یەکگگرتوو، هیرشی داعشیان بۆسەر خەڵکی شەنگال ئیدانە نەکرد، بەمەش نیشانیاندا، باکیان بە کوشتار و مەرگی بەکۆمەڵی خەڵکی نییە، پارتی هاوپەیمان و هاو خانەوادەیان و پەیوەندییەک کە ئەوان بە پارتی دەبەستێتەوە بە گەورەتر و گرنگتر لە گیانی قەسابی کراو گۆری بەکۆمەڵ و کرین و فرۆشتن بەژنانەوە، دەزانن... بەمەش بوونە هاوکار یان لایەنگر لەو پیلانە چەپەڵەی مەرگی هەزاران ئینسانی بەدوای خۆیدا هێناو برینێکی قوڵ و گەورەی سارێژ هەڵنەگری، لەدوای خۆی بەجێهێشت...

ئێستا کە ٥ هەمین ساڵیادی ئەو کارەساتەیە، هیشتا بەسەدان و هەزار کەس چارەنووسیان لەدەستی داعشدایە و بەسەدان ژن و کچ لای خەلیفەکانی داعشن، یان مامەڵەیان پێوەدەکرێت. هێشتا بەهەزاران کەسیان ئاوارەن و لەهەموو ئەوانەش واوتر برینی ئەم روداوە، لە قولایی روح و جەستەی هەموو ئینسانێکی بەئەمەک و ویژدان زیندوودا بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە... سارێژکردنی ئەم زامە کەم دنیا دیووە، لە سەختی سەختر و لە ئەستەم ئەستەم ترە. کەچی جگە لەچەند رۆژ پێش و چەند رۆژ دوای ئەم بەروارە رەشە، ئەم مەرگەساتە لەبیرنەچووەوە، ئەحزابی دەسەڵات بەدەستی کوردستان و بەتایبەتیش پارتی، جگە لەهەندێک چالاکی فریودەرانەو بەرنامەی میدیایی، کارێکی تریان لە دەستوردا نییە، بۆ قوربانیانی ئەم رووداوە و قەرەبووکردنەوەیان... زۆرتر لەوەش ئەم کارەساتەش وەکو هەموو کارەسات و مەرگەساتەکانی تری وەکو کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال و... لەلایەن ئەحزبی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە وەکو سەرمایەی سیاسی بەدەستەوە دەگیرێت بۆ سات و سەوداو مامەڵە لەسەر کردن.

کارکردن و تیکۆشان بۆ رزگارکردنی ئەو ئینسانەی لەدەستی داعشدا ماون، بۆ رزگارکردنی ئاوارەکان و گێرانەوەیان، وە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەو کارەساتە و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و دەوربەری، کارێکی دەستبەجێیەو بەبێ کاری چروپڕ لەو زەمینانەدا، باسی بە جینۆساید ناساندنی ئەم مەرگەسات و کوشتارە بە کۆمەڵە، فریوکارییەکی ئاشکرایە.

دانیشتوانی شەنگال، لەلایەکەوە بەهۆی بوونی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە فەرامۆش کراون و بەو هۆیەوە شەنگال بە فەرمی سەر بە هەریمی کوردستان نییە، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەریمەوە، ئاوڕێکی جدی لێ نادرێتەوە. بەم شێوەیە دانیشتوانی شەنگال و دەوروبەری بەو زامە قوڵە کەم وێنەیەوە بوونەتە قوربانی ململانێی نیوان هەرێم و ناوەند، نێوان داعش و بزوتنەوەی کوردایەتی و هەرەشەی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا... بەم جۆرە ئاشی وردکردن و هارینی خەڵکی شەنگال و دەوروبەری بێ وەستان لەلایەن کۆمەڵێک هێزی دژە ئینسانیەوە، دەگەرێت. هەوڵدان بۆ رزگارکردنی شەنگال لەدەستی ئەو هەموو گورگە کەڵبە خوێناویانە، کاری تیکۆشەران و ئینسان گەلێکە کە ئینسان لایان بەنرخترین سەرمایەیەو، ماندونەناسی رزگاری ئینسانن بێ لەبەرچاوگرتنی دین و مەزهەب و نەتەوە و ئینتیمای حزبی. خەڵکی شەنگال و دەوروبەری نابێ هیچ خۆشباوەریەکتان بە فریوکاری دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم هەبێت. پێویستە قوڵی خەباتکارانەی لێ هەڵبماڵن و ئاسۆی رزگاری خۆیان و قەربووکردنەوەو ئایندەیەکی باشتر بەدەستی خۆیان، بە پشتیوانی هێزو لایەنی پیشکەوتنخوازو ئینسانی و دنیای بێدار بەپشت بەستن بەخۆیان بگرنە بەر. شەنگال، بەڵگەنامەی یەکێک لە گەورەترین تاوانی ئیسلام و بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتییە و لێخۆش بوون هەڵناگرێت و دەبێت، هەموو تۆمەتبارانی ئەم کارەساتە دوور یان نزیک لە دادگای نێودەوڵەتیدا، دادگایی بکرێن.

**کۆتایی تەموزی ٢٠١٩**

# نەوت دزەکان زۆرتر دەبن!

لەچوارچێوەی تالانی و دزییەکی ئاشکرای دەسەڵاتی میلیشیایی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە دەسەڵاتدارەکانیدا، تالانی و دزینی نەوت... چ لە رێگای دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتیەکان و شاردنەوەی داهاتەکەی و چ بەهۆی دزین و کونکردنی بۆریەکان و گواستنەوەی بە تانکەر... پر خێرترین کەرتە، کە بەرپرسانی ئەو حزبانە دەمیان تێوەی ژەنیووە.

نەوت بۆ بەرپرسانی ئەو حزبانە بۆتە مایەی هەڵچنینی سەروەت و سامانێکی خەیاڵی و لەبەرامبەریشدا بۆ جەماوەری کوردستان بۆتە برسێتی و گرانی و نەهامیەتیەکی خەیاڵی... نەک تەنها بۆ ئەو نەسڵانەی ئێستا لە ژیاندان، بەڵکۆ بۆ چەند نەوەی داهاتووش مۆتەکەیەکی یەخە گیرە، بەهۆی ئەو قەرزانەی لەئاکامی نەوت فرۆشی و نەوت دزیدا، سەپاندویانە.

لەدرێژەی ئەو تالانیەی نەوتدایە، کە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، گروپی بەشدار و چاوساغ و خۆشخزمەت بە ئاخوندەکانی ئێران لەپاڵ دزەکانی پێشوودا، دەستیان داوەتە دزینی نەوت و بۆئەم دزیەشیان بۆریە نەوتەکانی" قودسی کوردستان" کون دەکەن و پاشان بە تانکەر هەرزان فرۆشی دەکەن... ئەوە لە کاتێکدایە خەڵکی شاری کەرکوکی سەر دەریای نەوت خۆیان موحتاجی نەوت و غازن.... کوردایەتی چ نیعمەتێکە بۆ چینی سەرمایەدار و دەسترۆشتوانی پشت بەچەک بەستووی حزب و نۆکەرانی وڵاتان و چ نەگبەتی و ماڵوێرانیەکیشی بۆ جەماوەری ستەم دیدەو خەڵکی کرێکار و دەستکورتی کوردستان هەیە.... ئەو دزییە بە جێگایەک گەیشتووە کە زوربەی خەڵک و تەواوی نوخبەی سیاسی ئاگادران... لەو بارەیەوە ئەندامێکی جڤاتی بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی کامەران کەرکوکی دەڵێت: دزینی نەوتی کەرکوک بۆتە دیاردە و کەسانی دەسترۆشتوی ئێستا لە کەرکوک بە هاوکرای مافیاکانی ١٦ ئۆکتۆبەر ئەو کارە دەکەن... هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەمەبەستی دزینی نەوت، کونکردنی بۆریەکانی نەوتی کەرکوک بەردەوامە.

دیارە بەجیا لەوانە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی" حەشدی وەحشی شیعی" لە سنوری ناحیەی یایچی بۆرِیەکانی نەوتیان کون کردووە و بەرمیلی لێوە پڕ دەکەن و پاشان دەیگوازنەوە بۆ ناو شارەکان و بە بازرگانەکانی دەفرۆشن و داهاتەکەشی دەچێتە گیرفانی بەرپرسانی حەشدی شەعبی...

هاوکات دزینی نەوت لە کێڵگەکانی جەمبور بای حەسەن بەردەوامەو بە تانکەر دەگوازرێتەوە. جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەم دزی نەوتە بە ئاشکرا دەکرێت، بێ ئەوەی کەس لێپرسینەوە لەو باندە مافیایی و دزانە بکات... لەوەش واوەتر ئەوانە خەریکی دزین کە باسی پاراستنی سامانی نەتەوەیی دەکەن و بەشێکن لەدەسەڵاتدا...

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# پڕۆژەکەی مەلا بەختیار و سەرە قەڵەمێک...

عەبدوڵا مەحمود



٢٠ تەموز مەلا بەختیار کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا پرۆژەیەکی ڕاگەیاند کە هەم هەڵسەنگاندنی دۆخی ناوخۆی یەکێتی و هەم گەڵاڵەیەکی پێشنیارییە بۆ دەورەی داهاتوو.

مەلا بەختیار لە بەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە، بەحەق دانی ناوە بە چەندین راستیدا... لەوانە بەجیا لە داکشانی کێرڤی یەکێتی نیشتیمانی لەسەر ئاستی جەماوەری و لە کایەی هەڵبژاردن و حکومەتدارییدا... هاوکات دانی ناوە بە ئاستی بەرینی دزی و تاڵانی، مشەخۆری، پاوانکردنی بازاڕ لەلایەن حزبەوە، شکستی ئابوری هەرێم و حکومەت، تەخشان و پەخشان کردنی داهات، نەبوونی لێپرسینەوە، نەبوونی یاسا بۆ بەرپرسان، باری گرانی هاوڵاتیان و دەرهاویشتە مەینەتبارەکانی سیستەمی پاشەکەوتی موچە، خزم خزمینە و تەکەتول بازی، هەلپەرستی، دزینی نەوت لەڕیگای تانکەر و کونکردنی بۆڕیەکانەوە، سەرانە لەخەڵک سەندن... تاد

هەر بەهۆی ئەم دۆخەوە کە مەلابەختیار ئاماژەی بەبەشیکیان داوە حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی خولقاندویانە، خەڵکی دەست تەنگی کوردستان بە دواکاری زۆر سادەوە هاتنە سەرشەقامەکان، داوای ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان، عەدالەت وسزادانی گەندەڵکارانیان دەکرد، کەچی بە بەتوندوتیژی و بەزۆری چەک وەڵامی داخوازییەکانیان درایەوە ژمارەیەل لەلاوان و هاوڵاتیان، بوونە قوربانی... بەڵێ لەبەرامبەر بەو دۆخە نەخوازاوەی کە مەلا بەختیار لیستی کردوون، خەڵک هاتنە سەرشەقامەکان، کەچی دەسەڵات بەگشتی و حزبەکەی مەلابەختیار کەخۆی پۆستی بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەب سیاسی هەیە، بەرگەی وتنی ئەو راستیانەیان لە دەمی هاوڵاتیان و لەشەقام نەگرت و چەکیان لە دژ بەرزکردنەوە و کوشتاریان وەرێخست و تا ئێستاش تۆمەتبارانی ئەو کوشتار و سەرکوتگەرییە، لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە...

مەلا بەختیار ئەگەر بەراستی خەمی هاوڵاتیانی بوایەو بە ڕاستی دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و بێمافکردنی هاوڵاتیان بووایە، ئەگەر دژی دزی و گەندەڵی و بی یاسایی بوایە... کێ دەستی گرتبوو کاردانەوەیەکی بەرچاو نیشان بدات و هەڵویستێکی رۆشن بخاتە ڕوو؟ خێرە ئێستا و دوای تۆرانێکی درێژ مەودا هاتووە لیستی فراوانی شکستخواردنی دەسەڵات دەخاتە ڕوو، لیستی بێمافیەکان و کارنامەی بەشێک لە گەندەڵکاران و دزییەکان بەیان دەکات، باسی نەبوونی لێپرسینەوەو نەبوونی یاسا بۆ بەرپرسەکان دەخاتە ڕوو. باسی دەستەگەری و تەکەتول و سەرانە سەندن و دزی نەوت و مەینەتەکانی ئاکامی پاشەکەوتی موچەو دارمانی ئابوری هەرێم... دەکات.

بە هەموو پێوانەو خوێندنەوەیەکی واقعی، پرۆژەو گەڵاڵەکەی مەلا بەختیار، بەرئەنجامی نارەزایەتی ئەو لە هەلومەرجی نەخوازراوی کوردستان، لە بێمافی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و دزی و گەندەڵی، دارمانی ئابوری، نەبوونی یاسا... نییە، بەڵکو هەوڵێکی پێش کۆنگرە و دەرهاویشتەی هاتنە ئارای باسی بەستنی کۆنگرەی یەکێتییە.

هەرچەندە هێشتا دیار نییە یەکێتی دەتوانێ کۆنگرە بکات یان نا. چونکە ئەگەر کۆنگرە وەکو ڕیگاچارە بۆ دۆخی رێکخراوەیی و پێگەی رووڵەخواری یەکێتی تەماشابکەین، خودی کۆنگرە لە ململانێی توندی نێوان باڵ و لاباڵەکان و دەستەگەرییەکان و دەستێوردانی ناوچەیی تەماشا بکەین، کۆنگرە خۆی گرفتێکی یەکێتییە، چۆن دەکرێت خودی گرفتێک ببیتە ڕێگاچارە بۆ گرفتە بناغەییەکانی تر کە یەکێتی گیرۆدەیەتی.

ئەو هۆکارانەش کە مەلا بەختیار لە هەڵسەنگاندنەکەیدا بۆ دۆخی خراپی یەکێتی پشتی بەستوون، هەموویان هۆکاری ڕوکەش و لاوەکین... هەموو ئەو لایەنانەی باسی کردوون لە دزی و تاڵانی و بێمافی و بازرگانی نەوت و مەینەتی هاوڵاتیان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و پاوانی بازاڕ، تەکەتول و دەستەبازی و بەهەدەردانی داهاتی هاوڵاتیان و نەبوونی یاسا و لێ نەپرسینەوە لە دەستڕۆشتوەکانی ناو حزب....تاد، لە زۆنی زەدیش بوونیان هەیە، بەڵام پارتی لە پێگەیەکی زۆر باشتر لە پێشوودایە، چ بەبەراورد بە حزبە نەیارەکانی و چ بە بەراورد بە دۆخی چەند ساڵ لەپێشتری پارتی خۆیشی. چ پارتی و چ یەکێتی، ناتوانن چاکسازی ریشەیی بکەن و دژی گەندەڵی" لەراستیدا تاڵانی" بوەستن، چونکە دەستبردن بۆ چاکسازی و وەستانەوە بەرووی گەندەڵکاراندا و سپاردنیان بە لێپرسینەوەی یاسایی، بەمانای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتیان تەواو دەبێت. دزی و تاڵانی و تیرۆری ئابوری و داهاتی کۆمەڵگەی کوردستان، لە هەرەمی دەسەڵاتی حزبیدایە و شۆڕبۆتەوە بۆ ناو کایەی حکومەتداری!! ئیدارە. ئەگەر یاسا و لێپرسینەوەیەکی یاسایی و ئاسایی و دادپەروەرانە هەبێت، پلە یەکەکانی حزب و حکومەت، دەستڕۆشتوەکانی ناو بنەماڵە، پشکی شێریان، بەردەکەوێت... بەراستی ئەمانە ئامادەن خۆیان رادەستی دادگا و عەدالەت!! بکەن؟... بۆیە چاوەڕوانی لەوەی چاکسازی ریشەیی بکرێت، لەوەهم وەهم ترە... ئەگەر ئەم دەسەڵاتە چ لە ئاستی حزبی و چ لەئاستی حکومیدا چاکسازی بکات، دەروخێ، بۆیە نەخشەی دەسەڵات" حزب و حکومەت... روکەش و روو لە فەرمانبەران و کادرانی پلە لەخواری بێ پشت و پەنای حزبی و حکومی و هاوڵاتیانی ڕوتەڵەیە... باسی رادەستکردنەوەی داهاتی دەستبەسەرداگیراو نییە، باسی گێرانەوەی دەیان و سەدان هەزار هێکتار زەوی نییە، باسی راگرتنی قاچاخچیتی نەوت و دەرمان نییە، باسی پشکە هەزار سەرەکانی بازرگانی و بەڵێندەرایەتیەکان نییە.

دۆخی یەکێتیش، هۆکارەکەی نە دزی و تاڵانییە، نە تەکەتول بازی و قاچاخچێتی نەوت و سەرانە سەندنە، هەروەها هۆکارەکەی ژێر پێخستنی پرانسیبە حزبیەکان و پشتکردنە پەیرەی ناوخۆش نییە،. دیارە هەموو ئەوانە هەن و مەلا بەختیار راستگۆیانە بەشێکی زۆریانی خستوتە ڕوو... کێشەی یەکێتی سیاسەتە، روئیای سیاسییە.

یەکێتی دەمێکە خاوەنی هیچ پلاتفۆرمێکی سیاسی رۆشن، هیچ نەخشەو پرۆژەیەکی دیاریکراوی سیاسی نییە، چ لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و چ لەسەر ناوچەکە. لەجێگای ئەوە یەکێتی یان رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە دەسەڵاتدا دەگێرێ و خۆیشی دەسەڵاتە، یان رۆڵی پاشکۆیەتی بۆ روداوەکان و پارتی دەبینێ. یەکێتی نە رووداو خوڵقێنە، نە فرسەت دروستکەرە، نەخاوەنی سیاسەتێکی جێگیر و نەهەڵگری هەنگاو و ڕێ و شوێنەکانی هیچ سیاسەتێکە. یەکیتی بە نرخی رۆژ سیاسەت دەکات، و بۆ روداو پێشهاتەکانیش وەڵامی هەڵچووی کوت بین و هەڵگری دروشمی ئاگراوی بێ فکر لێکراوی هەیە. باڵ و لاباڵەکانی ناو یەکێتیش هیچیان هەڵگری هیچ پرۆژەیەکی جیاوازی سیاسی لەیەکتری نین. ئەمە کێشەی بناغەیی یەکێتییە، کە مەلا بەختیار دوورو نزیک خۆی لەو گرفتە بناغەییە نادات. یەکێتی لەسەر ئاستی هەرێم، خوازیاری چییە؟ پلانی بەکردەوەی کامەیە؟ نموزەجی حکومرانیەکی کامەیە؟ لەگەڵ عێراق چی دەوێت؟ فیدرالیزمی قەومی؟ جیابوونەوە؟ کۆنفیدرالی؟ ... نەخشەی یەکێتی بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان چییە؟ پرسی کورد چۆن چارەسەر دەکات؟ هەنگاو نەخشەکەی کامەیە؟ لەسەر ئاستی ناوچەکە لەکوێی ڕوداوەکاندایە؟ دەیەوێت چی بکات؟ جیاوازی سەرەکی یەکێتی لەگەڵ پارتی، حزبی گۆڕان، تەنانەت یەکگرتووی ئیسلامی چییە؟ ئەمانە ئەو پرسانەن کە یەکێتی بەدەستیانەوە گیرۆدەیە. سیاسەت و دورنمای سیاسی گرفتی سەرەکی یەکێتییە، بۆیە ناوخۆی یەکیتی داغانە. بە چاکسازی لە بنەما رێکخراوەیەکاندا، بە ئاڵوگۆر لە تەلاری رێکخراوەییدا، یەکێتی شانسی دەربازبوون لەو مەوقعیەتەی نییە کە کەس بەغیلی پێنابات. حزبی سیاسی ئەو کاتە بەرەو تەکەتول بازی، وازهێنانی کادرانی، بێئومێدی، هەڵوەرین، رووەو پاشەکشە دەڕوات و دەکەوێتە کەنار...تاد، کە سیاسەت و پلاتفۆرمی سیاسی وەڵامدەرەوەی زەمان و سەردەمی خۆی نەبێت و نەزانێت بەکام رێگا دا بۆیان دەجەنگێ.

پرۆژەکەی مەلابەختیار... هەموو شتێک باس دەکات، ئەوە نەبێت... ئاماژە بەدەیان پرس دەکات، پرسی سیاسی و پرۆژەی سیاسی رۆشنی دیاریکراو نەبێت...

مەلا بەختیار بەو هۆیەوە دەست نابات بۆ هۆکاری بناغەیی کێشەکانی یەکێتی، ناتواناشە لە خستنە ڕووی پرۆژەیەکی رۆشنی سیاسیدا. مەلا بەختیار هێندەی دۆخی یەکێتی دەبەستێتەوە بە ناوخۆی یەکیتی و تەکەتولات و دەستەچێتی و هەلپەرستی و بازرگانی و رۆڵی خراپی بەرپرسەکانیان، نیو ئەوەندە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی تەکەتولەکان چییە؟ هۆکاری تێوەگلانی سەرانی یەکێتی و لە دزی و تاڵانی، کامەیە؟ بۆ پرانسیبە حزبیەکان کاریان پێناکرێت؟ ئەمانە هۆکاریان هەیە. هۆکار زۆرن... لەوانەیە نەبوونی تاڵەبانیەک بۆ بوون بەچەتر و کۆکرنەوە و چەسپی ناوخۆیی هۆکارێک بێت. نەبوونی سەربەخۆیی لە بریار و ئیرادە نواندندا هۆکارێکی تر بێت. ریکنەکەوتنی باڵەکان لەناوخۆدا هۆکارێک بێت، تێوگلانی بەشێک لە سەرانی یەکیتی بە دزی سیستماتیک، هۆکارێکی تر بێت... خەواندنی بنەما رێکخراوەیەکان و نەبوونی پاداشت و سزا... هۆکارێک بێت...بەڵام هێشتا ئەمانە لاوەکین.

دیارە ئەگەر لە هەڵسەنگاندنەکە بگوزەرێین و نیگایەکی خێرا بخەنە سەر گەڵاڵەکە.. گەڵاڵەکەی مەلا بەختیار کە لەژێر ناوی ئەرکەکانی قۆناغدا پێشکەشی کردووە، هیچ مەسەلە و پرسێکی دیاریکراوی رۆشنی نەخستۆتە ڕوو... لە جێگای ئەوە کۆمەڵێک بەندی جوان و ڕازاوەی بەرنامەیی خستۆتە ڕوو، کە هەموو حزب و لایەن و رێکخراوەیەکی سیاسی، لە لیستکردنیاندا توانایی بەخەرج دەدەن.

مەلا بەختیار ئەگەر ئامانجی خستنەرووی گەڵاڵەکەی بۆ خزمەت بەسیستەمێکی سیاسی و مۆدیرن و بوایە، وە بۆ ئەوە بوایە ڕێچکەیەکی تر بخاتە بەردەم یەکێتی و جیاوازی یەکێتیش لەگەڵ حزبەکانی تر نیشان بدایە... دەیتوانی بە چەند بەندی زۆر سادە، ئەم کارە بکات، بەڵام بۆچی مەلا بەختیار لەجێگای ئەوە کۆمەڵێک فۆرمەلبەندی گشتی و مەتاتی دروشمی خستۆتە ڕوو؟ چونکە یەکێتی و باڵەکانی یەکێتی و خودی مەلا بەختیار هیچ پرۆژەیەکی سیاسی رۆشنیان نە بۆ ئایندەی باشتری یەکێتی لایەو نە بۆ کۆمەڵگە کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی. وە نە گرفتە بناغەیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیشی کردۆتە مەبنای دارشتنی پرۆژەو گەڵاڵەنامەکەی.

گرێدانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەدەوڵەتی قەومی ئیسلامی ئێستای عێراق لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی قەومیدا، دەسەڵاتی میلیشیایی حزبی لە جێگای دەسەڵاتی حکومی و یاسایی وئاسایی، کۆنەپەرست بوونی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان و ناکۆکیان بە مافی هاوڵاتی بوون، بە یەکسانی ژن و پیاو، بە جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت و خوێندن و پەروەردەو یاساکان، ئازادی دینداری و بیدینی، پشت بەستن بە وڵاتانی ناوچەکەو نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی بڕیاردان... سەرەکیترین گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن، هەر حزبێکی سیاسی پرۆژەی سیاسی بۆ وەڵامدانەوەی بەکردەوەی ئەو پرسانە نەبێت، ناکۆکی و دوری خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و کیشەکانیان دەخاتە ڕوو. مەلا بەختیار لە گەڵاڵەکەیدا هیچ وەڵامێکی رۆشن بۆ ئەو چەند گرفتە ناخاتە روو، **"نوسینی دەستوری مەدەنی هەمیشەیی گەلپەسەند. چەسپاندنی سیستەمی هاوچەرخ بکرێتە سیستەمی پەرلەمانی، دیموکراسی. دادپەروەری، بکرێتە بنچینەی یاساو پەرەپێدانی مەدەنیەتو ئازادیو سەربەستیەکانی ژن. ریشەکێشکردنی گەندەڵیو لێپێچینەوەی یاسایی، لە گەندەڵکارو سزادانیان. دارشتنی سیاسەتی رۆشنبیری بکرێتە سەرچاوەی نەمانی ئەندێشەی توندوتیژی دینیو دونیایی. گۆڕینی فەلسەفەی پەروەردە، بەرەو فەلسەفەیەکی مۆدێرنی هاوچەرخی تەواو"** هەموو ئەم بەندانە هیزی پێداگری و بەکردەوە چەسپاندنی" مافی هاوڵاتی بوون، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت و پەروەردەو یاساکان، یەکسانی هەمەلایەنەی یاسایی نیوان ژن و پیاو"...نییە.

ناکرێت حزبێک بانگەشەی سۆشیال-دیموکراسی بکات، بانگەشەی دەستوری مەدەنی بکات، باسی دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو بکات و دژی پیاوسالاری بێت... باسی یاسای مۆدێرن بکەیت... کەچی ئامادەنەبێت بەکردەوە بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت تێ بکۆشی، ئامیزی بۆ کۆنەپەرستی و ریسا ویسای ئیسلامی و دینی ئاوەڵابێت. ناکرێت باسی دەستوری مۆدیرن بکەیت، ئەگەر رۆشنی نەکەیتەوە مەبەستت لە مۆدێرن چییە؟ ئیستا "ئیسلامیەکانیش باسی مۆدیرن!! بوون دەکەن" لەوە زیاتر تۆ ناتوانی باسی دەستور بکەیت، ئەگەر مافی حکومداری و دەوڵەتداریت، بۆ بەفەرمی نەناسرابێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. چۆن دەکرێت دەسەڵاتێکی لۆکاڵی، هەرێمێکی فیدراڵ خاوەنی دەستورێک بێت، کە پێچەوانە بەبنەما و پایەکانی دەستوری دەوڵەتی ناوەندی بێت؟

بۆیە گەڵاڵەکەی مەلا بەختیار وەک ئەرکی قۆناغەکە، خاڵییە لەوەی بەدوای هیچ هەنگاوێکی رۆشنەوە بیت و بەکردەوەش دەست بۆ هیچ حەرامیک ببات، کەنامۆ بێت بە بزوتنەوەی کوردایەتی و بزوتنەوە سیاسیە دینیەکان. گەورەترین کیشەی یەکێتی و مەلابەختیارێش ئەوەیە، کە لەنێوان بانگەشەو کردەوەیاندا خەرەندێکی هێندە زەبەلاح هەیە، کە پڕناکرێتەوە. هیچ هێزو حزبێکی سیاسی هێندەی یەکێتی باسی مافی مرۆڤ، یەکسانی و مەدەنیەت، سەروەری یاسا، پیشکەوتنخوازی و بانگەشەی سوشیال دیموکراسی ....ناکات، هیچ هێز و لایەنێکی سیاسیش بە کردەوە هێندەی یەکیتی دژیان نییە

# سواڵکردن یان تێکۆشان ڕەوایە؟



عبدالرحمن رسول

سواڵکردن واتە پاڕانەوە و چەمانەوە بۆ جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی ژیان، واتە پاڕانەوە و سواڵکردن بۆ نان، بۆئەوەی مرۆڤەکان درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، ئەمەش لەئەنجامی هەبوونی سیستەمی چەوسێنەر ونابەرابەرو سەرکوت. کە بە هاوکاری موبەلیغان وعەناسرو بانگەوازانی دین و بیروباوەڕە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکان کە ئەم جۆرە مرۆڤانە گرینگی یان بەهەبوونی جیاوازی یە چینایەتییەکانیان دەدەن، لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و وەرگرتنی ئیمتیازی جۆراوجۆر لەلایەن موبەلیغانی دین ومەزهەبەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی چەوسێنەر زۆر بێ ڕوحمانە گەشە بە چەوسانەوە و هەژاری و بێکاری دەدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات هەموو ڕێگایەک دەگرنە بەر. بەردەوام لەناو کۆمەڵگەدا بەرپەرچی هەر تێکۆشانێکی مرۆڤایەتی دەدەنەوە کە داوایی مافەکانی مرۆڤ بکات و داوایی بەرابەری و ئازادی بکات.

لەناو سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداریدا هەژاران و کرێکاران و بەساڵاچوان باجی زۆر قورس دەدەن و بێ ڕحمان دەچەوسێنەوە. بە ساڵاچووان یان مرۆڤە بەتەمەنەکان، کە ئەو مرۆڤانەی کە بەدرێژایی تەمەنیان خزمەتی کۆمەڵگەکەیان کردووە، هەتا توانیویان بیرکردنەوەو هێزی خۆیان بەهۆی کارکردنەوە خەرجکردووە، چ لەجۆری کرێکاری و کیشاوەرزی و جوتیاری و زەحمەتکێشی هەتا فەرمانبەری وئەندازیاری و دکتۆری و ماموستایی و سەرجەم پیشە وبەشەکانی تری کۆمەڵگەدا. ئەو مرۆڤانە هەوڵ وتێکۆشانی خۆیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی منالەکانیان خزمەت بە کۆمەڵگە بە باشترین شێوە و جۆرپێشکەش بکەن. ئەم مرۆڤە بەساڵاچوانە ماندوو وهیلاکن، بەپێویستیان بە پشوودان و حەسانەوەی دەروونی و جەستەیی هەیە بۆیە پێویستە ژیانێکی کامەران و خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕایی هەبوونی سەرچاوەی زۆری داهاتی ماددی ژێرزەوی وسەرزەوی کە کەمینەیەکی خەڵک لە پارێزەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە خۆشگوزرانی و ئاسوودەیی دا دەژین، بەڵام لەژێر سایەی دەوڵەتێکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران هەرگیز بەساڵاچووان و کرێکاران و هەژاران و زەحمەتکێشان ئاسوودە و کامەران نابن، چونکە بەرپرسانی باڵای ئەو دەوڵەتە کۆنەپەرست وتیرۆریستە بەردەوام گەشە بە بێکاری و هەژاری و برسیکردنی زۆرینەی خەڵکی دەدات. ڕۆژانە خەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی ڕاپێچی زیندانەکان دەکات و لەسێدارە دەدات. هەژاری دەردێکی کوشندەیە بۆ مرۆڤەکان هەروەکو دەڵێن " هیچ شتێک هێندەی مەنجەڵی بەتاڵ قورس نیە، لەسەر سەری برسیەکان."

بەشێکی زۆر لەخەڵکی کوردستان ڕووبەڕوویی هەژاری و بێکاری بێ خانەولانەی بوونەتەوە وبەساڵاچوان و پیروپەککەوتەکانی کوردستانیش هەمان کێشەی نەبوونی نانیان هەیە. کەواتە تەنها ڕێگا تێکۆشانە بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی ئەمانەش تەنها لەدەسەڵات و حکومەتی شووورای چارەسەر دەبێت. کەدەتانەوێ ئەم جۆرە دیمەنانە کۆتایی بێت وەرنەمەیدان بۆ تێکۆشانی هێنانەدی نان کار ئازادی حکومەتی شوورایی، لەژێر سایەی دەسەڵات و سیستەمی حیزبایەتی، خێڵایەتی، کوردایەتی دا چەندەها نموونە هەیە کە دایکێک وباوکێک لەژووریکدا... کە ژووری میوان و نوستن و مەتبەخە یان هەیە چەندین منال بە خێو دەکەن کەچی بە چەندین منالّ دایکێک یان باوکێک بەخێو ناکەن و فڕێی دەدەنە سەرجادە، وێنەی ئەو دایکە یان ئەو باوکە لە گەڕەک و شارو شارۆچکەکان بە شەو لەبەردەم خەڵوەتگەی پیری فڕێیان دەدەن ئەمەش چەندین جار چەند بارە دەبێتەوە. تێکۆشان بۆ هەژاران و چەوسێنەران ئەرکە کە پێویست دەکات لە تێکوشانی یەکگرتووانەی هاوبەشی چەوساوەکان درێژە بە تێکوشانیان بدەن. تێکۆشان واتە خەباتکردن بۆ هێنانەدی ماف وئازادییەکان. چەوسانەوە، هەژاری، ئاوارەیی، نابەرابەری، سەرکوت، زیندان، سێدارە، کوشتن بەرهەمی بێدەنگی گشتی یە.

هەرگیز ناکرێت لەبەرامبەر چەوسانەوە و دزی وگەندەڵی و بێ مافییەکان بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی هەبێت، بۆئەوەی ڕێگربن لەدرێژدانی هەژاری و چەوسانەوە. ئەرکی ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستانە بەگەشەدانی تێکۆشانی یەکگرتووانە گریان بۆنان لەلایەن مرۆڤە هەژارەکانەوە ڕاگرین، ئیتر بەسە. تێکۆشان بۆ دابینکردنی نان کار ئازادی خۆبەڕێوەبەری شوورایی بکەینە تێکۆشانی هەموو ئازادیخوازو کۆمۆنیست ومرۆڤ دۆستێک، ئیتر با بەس بێت سووتانی ناخی مرۆڤە جوانەکانی کۆمەڵگە، مرۆڤەکان بەگشتی و مرۆڤە بە تەمەنەکان هی سواڵکردن نین، هی ئەوەنین کە لەسەرشەقام کاربکەن یان بێ خانەولانەبن ویاخود لەسەرشەقام و لاکۆڵانەکان و کەلاوە ڕووخاوەکان فڕێبدرێن، پێویستە جوانترین و شایستەترین ژیانی سەردەمی وشارەستانیان بۆدابن بکرێت. کەواتە ئەرکی هەر مرۆڤێکە کەدڵی بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر لێ دەدات بۆ ئەم مرۆڤانە وتەواوی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستە ڕاشکاوانە و دڵسۆزانە بێنە مەیدان بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی خۆبەڕێوەبەری شوورایی.

پێویستە ئازادیخوازو یەکسانیخواز ومرۆڤدۆستان شان بەشانی کرێکاران وهەژاران وچەوسانەوەکانی کۆمەڵگە بێنەمەیدانی تێکۆشانی هاوبەش و یەکگرتووانە لەناو بزووتنەوەیەکی شوورایی بەهێز و پڕ کاریگەر و گشتگیردا کە تەواوی گۆشەو کەنارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێتەوە بە یەک دەنگ بانگەواز بکەن و تێکۆشان گەشەپێ بدەن بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی، حکومەتی شوورایی . ..

پارەو سامانی خەڵکی کوردستان بەم جۆرە تەخشان وپەخشانی پێدەکرێت، ئەم بەشێکی کەمی پارەی خەڵکی کوردستانە بەم جۆرە دەدرێت بە حیزبەکان و سەرۆکی حیزبەکان. ئیتر بەسە. واز لەحیزب و سەرۆکەکان بێنن، ئیرادەی تێکۆشانی یەکگرتووانەی خەڵکی ناڕازی و خەڵکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر و ئازاد گەشە پێبدەن. باچیتر بەساڵاچووان ناچاری سواڵکردن و پاڕانەوە بۆ نان نەکرێن. تێکۆشانی بزووتنەوەی شوورایی یەکگرتووانەی هاوبەشی خەڵک گەشە پێبدەن.

ئیتر بەس، با کۆتایی بێت ژن کوشتن و کوشتن و زیندانیکردنی ڕەخنەگران و هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان وئەشکەنجەدان و ئازاردان و تیرۆری دەروونی وئاوارەیی و نەبوونی و هەژاری وبرسێتی ومردنی بەشێنەیی مرۆڤەکان. هەموو ئەوانە بە دانانی چەندین یاسایی مرۆڤایەتی وشارستانی وپێشکەتوو چارەسەربکرێت، کەلەلایەن شووراکانی خەڵکەوە یاساکان دەربکرێن و هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی بندرێت. دابینکردنی بیمەی بێکاری و بیمەی تەندروستی و یاسایی سەلامەتی کار و یاساکانی تر کەتایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان. هەموو ئەمانە بە دەسەڵات و حکومەتی شوورایی کە لەلایەن خودی خەڵکەوە دابمەزرێت مسۆگەر دەبێت.

هەنگاوی یەکەم وشیاربوونەوەیە بۆ ڕێکخراوبوونی نارەزایەتییەکانی ئێستای خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستان هەروەکو کارڵ مارکس دەڵێت "هەژاری شۆڕش بەرپا ناکات، بەڵکو هۆشیاربوونەوەی هەژارانە شۆڕش بەرپادەکات". کەواتە پێویستە خەڵکی چەوساوە و هەژاران و کرێکاران و دەست فرۆشان و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەی کوردستان کەزۆرینەی خەڵکی کوردستان پێکدەهێنن هەنگاو بۆ ڕێکخراوبوون و تێکۆشانی یەکگرتووانەی هاوش بەرن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و سیستەمی چەوسێنەر، دواتر تێکوشان بۆ دامەزراندنی حکومەتی شوورایی بنێن ئەمە باشترین هەنگاوە کە مرۆڤەکان بەرەو کامەرانی و خۆشگوزەرانی و ئازادی بەرێت...

# دوای شکستی ئەردۆغان؛ هەڵئاوسانی ئابووری مووچەی فەرمانبەرانی تورکیا دەخوات!

ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

یەکێک لە نەقابەکانی تورکیا هەلومەرجی نالەباری فەرمانبەرانی خستە ئاشکراکرد لە سایەی حوکمی سەرۆک ئەردۆغان و حزبەکەی( داد و گەشەپێدان)، کە نزیکەی ١٧ ساڵە دەسەڵاتی هەیە. یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لە ڕاگەیاندنێکیدا لە ٢٧/٧دا وتی" سەرەرای ئەوەی کە ڕژێمەکەی ئەردۆغان زیانێکی زۆری بە مووچەخۆرانی تورکیا گەیاندووە لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەلاتیەوە لە کۆتایی ٢٠٠٢ەوە، ئەمەش بەپێی ماڵپەڕی ئەلکترۆنی ڕۆژنامەی( جمهوریەت)ی تورکی ئۆپۆزسیۆن. لەوبەیانەدا ئاماژەکراوە کە مووچەی فەرمانبەرانی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٨ بە بڕی ٤٤١ لیرە زیادی کردووە واتە ١٧,٨١٪ بە



بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٧؛ گەیشتۆتە ٣ هەزار و ٤١٩ لیرە، لەهەمان ماوەدا ڕێژەی هەڵئاوسان ٢٠,٣٪ زیادیکردووە. مووچەی کەمترین پلەی فەرمانبەر لەو ماوەیەدا ٣٣٢ لیرە زیادیکردووە بۆ ئەوەی بگاتە ٢هەزار و ٥٧١ لیرە، سەرنجی ئەوە دەدرێت کە بەرزبوونەوەی هەڵئاوسان بەهەمان ڕێژە، بووتە هۆی لەدەستدانی بەهای مووچە بەبڕی ١٢٢ لیرە.

بەیانەکە ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ناوەندی نرخی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان دەکات لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە تاوەکو ئێستا بە ڕێژەی ٨,٣٤٧٪، بەئاماژەکردن بە بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی هەلئاوسان بەگشتی لە بەینی ساڵەکانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٨ بەڕێژەی ٨,٣٤٧٪ زیادیکردووە، ڕێژەی هەلئاوسان لە پێداویستیەکانی مەتبەخ بە ڕێژەی ٦,٤٠٢٪ زیادیکردووە.

بەیانەکە باسی ڕێژەی مووچەی فەرمانبەری کردووە لە ساڵی ٢٠٠٢دا کە دەیتوانی ٢٢,١ چارەکە زێڕ بکڕێت، بەڵام ساڵی ٢٠١٨ ئەو ژمارەیە دابەزیوە بۆ ٩,٧ی چارەکی زێڕ. مووچەی کەمترین پلەی فەرمانبەر بەهاکەی بەرامبەربوو بە ١٤,٩ ی چارەکی زێڕ لە ساڵی ٢٠٠٢، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ دابەزیوە بۆ ٧,٣ ی چارەکی زێڕ.

قەیرانی ئابووری لەتورکیا لە ئابی ڕابردوو گەیشتە ترۆپکی خۆی، بەجۆرێک لیرە نزیکەی ٤٠٪ بەهاکەی لەدەستدا لەبەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی. ڕێژەی هەڵئاوسانیش بۆ سەرووی ٢٥٪ بەرزبۆوە، هەروەها نرخی کاڵا سەرەکیەکان بە ڕێژەی نێوان ١٥ بۆ ٢٠٠٪ بەرز بۆوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ملیۆنان لە خەڵکی تورکیا بەدەست بێکاری و فراوانبوونەوەی قەرزەوە دەناڵێنن. ئابووری تورکیا بەردەوامە لە داڕووخان بەهۆی سیاسەتەکانی ئەردۆغان و زاواکەی بەرائەت البەیراقی وەزیری دارایی و لێنەهاتوویی هەردووکیان لە ئیدارەدانی دۆسیەی ئابووری بەوجۆرە لەداڕووخان.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# سەرمایەداری، بازرگانی سێکس و ستەم بۆ سەر ژنان

## نووسین و ئامادەکردنی: هەتاو عەبدوڵاهی

### بەشی دووەم و کۆتایی

گومانێک لەوە دا نییە هۆکارێکی کاریگەر لە زیادبوونی ڕێژەی دەستدرێژیەکان، دەستدرێژی گروپی، ئازارو ئەزیەتو رفاندنی ژنانو کچان بۆ کۆیلەیی جنسی لە وڵاتانێک وەکوو کۆنگۆ دا بووە. هاتنی ١٥هەزار هێزی لایەنگری ئاشتی لە کامبوج لەساڵی ١٩٩٠ بوو بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانی ژنان لەو وڵاتە، بەڵام بارودۆخەکە لەوێ دوای شەر هەر بەردەوام بوو و زۆر لە پێشوو نالەبارترو مەترسیدار تر بوو.

هەر ساڵە زیاتر لە ٥٠ هەزار ژن و منداڵ (بە گشتی ٧٥٠هەزار ژن لە دەیەی رابردوو) لە نیزیک بە ٥٠ وڵاتی جیهان وەکوو مێکزیک، هندوراس، لتونی، ژاپن، کامرون، تایوان، هند و ویتنام بۆ ئەمریکا رادەگوازرێن.

بەپێی ڕاپۆرتەکان (تنانسینگون) شارێکی بچووکی وڵاتی مێکزیکە کە لەسەر بنەمای بازرگانی و قاچاخی سێکسەوە دروستکراوە. لە بارودۆخێکدا کە هیچ جۆرە هەلێکی کار لەودا بوونی نییە تەنیا دەتوانرێ لە ڕێگەی بە دەستهێنانی پووڵەوە لە بەرامبەر کێشەکاندا رابوەستێ. ژنان لە سەرتاسەری وڵاتی مێکزیک لەلایەن ئەو پیاوانەی کە لە ماڵە لوکس و گرانەکان دا ژیان بەسەر دەبەن لە ڕێگەی وادەو بەڵێنی درۆو بێبنەما یان تەنانەت ئیزدواجی درۆیینە بۆ کۆیلەیەکی جنسی دەگۆردرێن. ئەم ژن و کچە منداڵانەی کە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان پێویستیان بە پوڵە، زۆر درەنگ ئاگاداری ئەو ڕاستییە دەبن کە لە وڵاتی ئەمریکا بۆ کاری لەشفرۆشی دەفرۆشرێن. دامەزراوەیەکی خێرخوازی مێکزیکی وا مەزەندە دەکات کە لە هەر ١٠٠٠٠ دانیشتووی شاری (تنانسینگون) نیزیک بە هەزار کەسیان قاچاخچی ژنانن.

هەر بەپێی ئەو راپۆرتە، ماریا تەمەنی ١٧ ساڵە بوو کە بە وادەو بەڵێنی ژیانێکی تازە بۆ میکزیک گوازرایەوە، بەڵام دواتر ناچاریان کرد کە لەشفرۆشی بکات و لە بارێک بە بارێکی دیکە دەفرۆشرا. ناوەندی ژنانێک کە بۆ میکزیک قاچاخیان پێدەکرێ، میکزیکۆسیتی پایەتەختی میکزیکە. دواتر ژمارەیەک لەو ژنانە بۆ ئەمریکا دەگوازرێنەوەو لە شارە سنووری و توریستیەکان دەکەونە بەر ئازارو دەستدرێژی جنسی. تەمەنی ئەو ژنانەی وەک کۆیلە لە میکزیک بۆ ئەمریکا رادەگوزرێن دەگاتە ١٤ ساڵانیش. ئەوان ناچار دەکەن لە ماوەی هەفتەیەک دا لە گەڵ ١٣٠ پیاو لە پشت کامیونێکی پارکدا بخەونو وەک کرێکاری جنسی کار بکەن.

ئەوەی کە بۆتە هۆی پەرەسەندی بازرگانی بە ژنانو هەروا درێژەی هەبێ، هاوکاری پۆلیسو بەرپرسانو کاربەدەستان تەنانەت لە پۆستە گرینگەکانی دەوڵەتیە، وەکوو، سیستمو دادوەری وڵاتەکان. ئەو هاوکاریانە لەماوەی دەیەکانی رابردوودا زۆرجار لە قاو دراوە بەتایبەتی لە وڵاتی ئارژانتین. لەوانە لە نموونەیەک دا بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی بەوە تاوانبار کران کە ژنێکی تەمەن ٢٨ ساڵیان بەناوی سوتلانا بە نایاسایی ڕاگرتووەو دەستدرێژی سێکسیان کردۆتەسەرو تەنانەت لەژێر ئەشکەنجە ئەم ژنەیان ناچار کردووە کە لەشفرۆشی بکات. شەش کەس لە بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و هەروەها دادستانی گشتی وڵات زوران پیپرویچ لە نێوان تاوانباران دا بوونیان هەبوو.

یان نموونەگەلی دیکە کە لەم دوایانەدا لە قاودران. کاتێک کە پۆلیسی ئارژانتین یارمەتی دایکێک بەناوی (سوزان تریمار) کچەکەی لەلایەن باندێکی قاچاخی ژنانەوە رفێندرابوو نەکرد، ناوبراو بۆ دۆزینەوەی کچە قوربانییەکەی ناچار بوو بخزێتە ناو ئەم باندانەوە تا ئەوەی بەڵگەگەلێکی لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕفاندنی کچەکەیو هەروەها دەست تێدابوونی کاربەدەستان و بەرپرسانی ئارژانتینی بەتایبەت پۆلیسی ئەم وڵاتە بە دەستهێنا. ناوبراو لەم پەیوەندیەدا هەرەشەی لێکرا کە دەبێ دەست لە گەڕان و هەروەها بەدواداچوونی دۆسیەکەی هەڵگرێ، بەڵام ناوبراو هەر کۆڵی نەداو هەوڵەکانی خۆی لەم پەیوەندیەدا خستەگەڕ. دادگا تاوانبارانی ئازاد کردو بە بێتاوان لە قەڵەمی دان، بەڵام خەڵکی ئارژانتین بەدژی ئەم هەڵویستەی دادگا نارەزایەتیان دەربڕی و دەستیان دایە خۆپێشاندانی بەرین.

لە وڵاتی میکزیک لە بەرامبەر قاچاخی دەیان هەزار ژنی ئەمریکای لاتین کە ساڵانە لە سنوورەکانی میکزیک بۆ ئەمریکا قاچاخ دەکرێن، تەنیا ٤٧ دادگا لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراو و بەرێوەچوو کە تەنیا ٤ قاچاخچی مەحکووم کران.

بۆ نموونە لە وڵاتی ئینگلستان ، جیمی سویل کە بە وەرگرتنی میدالی شوالیە لە مەلەکە ئێلیزابێت نازناوی (سر سویلی) بە دەستهێنا سالهای ساڵ دەستی دایە کردەوەی توندوتیژیو ئازاری جنسی بەدژی ژنان. ناوبراو یەکێک لە بە ناوبانگترین و لەمێژینەترین پێشکەشکارانی بەرنامەکانی کاناڵی بی.بی.سی بوو. دوای مردنەکەی دەرکەوت کە ناوبراو یەکێک لە چالاکترین جینایەتکارانی ئەزیەتو ئازاری جنسی ژنانی لاو و تەنانەت کچانی منداڵ بووە. ناوبراو بە کەڵک وەرگرتن لە جێگەو پێگەی خۆی لە بی.بی.سیو دامەزراوە بەناو خێرخوازییەکان پەیوەندی لەگەڵ ژنان دەگرتو لەم نێوەدا دەستریژی کردۆتە سەر سەدان ژنو کچی منداڵ. ژمارەی دروستی دەستدرێژی کردنەکانی ناوبراو هێشتا روون نەبۆتەوە. دواتر لەلایەن پۆلیسەوە پێش بەوە گیرا کە لە پەیوەندی لەگەڵ جینایەتەکانی ئەم کەسە لێکۆڵینەوە بکرێ و چاوپۆشی لێکرا. زۆرێک لە قوربانیان نەیانویرا کە بەدژی کەسایەتییەکی لەو جۆرە سکاڵا تۆمار بکەنو ئەوانەش کە سکاڵایان کرد دەنگیان لە گەروودا کپکراو دەستیان بە هیچ شوێنێک ڕانەگەیشت. سیستمی سەرمایەداری بە جۆرێکی کە پەرە بە توندوتیژیو ئازارو ئەزیەتی جنسیو قاچاخی مرۆڤ دەدات.

بازرگانی سێکس و نیزامی سەرمایەداری

راستیەکەی ئەوەیە کە پرسی بازرگانی سێکسیو یان دەستەواژەیەکی کە وەک پیشەی سێکس ناوی لێدەبرێ، زۆرێک لە دژایەتیەکانی ئەم کۆمەڵگە رزیوو پڕ لە چەوساندنەوەی لە ناوخۆی دا حەشار داوە.

١ –ژنان و جەستەیان وەک کاڵای لێهاتووەو کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرێ.

٢ –بازرگانی بە ژنان وەکو و کۆیلەداری سێکسی بۆ لەشفرۆشی و پۆرنۆگرافی بۆتە یەکێک لە شاخە سەرەکیو بنەرەتییەکانی ئابووری سەرمایەداریی لە جیهان دا کە هەموو ساڵێک میلیاردها دۆلار یارمەتیی ئەو ئابووریە دەدات. بۆ نموونە لە وڵاتی هلند دەرامەدی پیشەی سێکس لەسەدا ٥٠ی داهاتی ئەم وڵاتە پێکدێنێ. بەپێی راپۆرتێکی بی.بی.سی قاچاخی مرۆڤ لە بەراوردێکی جیهانی دا سالانە ٣٢ میلیارد دۆلار بەرهەم دەهێنێ.

٣ –ئیمپریالیسم لە دابەشکردنێکی کاری نێونەتەوەیی زۆرێک لە وڵاتانی وەک بەرهەمهێنەرو دابینکەری سێکس، توریسمو لەشفرۆشی ناساندووەو کە بەرهەمەکانیان لە وڵاتانی پیشەیی کەڵکی لێوەردەگیرێ.

پیشەی توریسم لە زۆرێک لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە لەشفرۆشی دەگەرێ. لە زۆرێک لەم وڵاتانەدا سەدان هەزار کەس لە ژنانو کچانی منداڵ بە زۆرەملێ ناچار بە لەشفرۆشی دەکرێن. زیاتر لە ٢٠ لەسەدی چالاکییەکانی ئابوریی لە وڵاتانی تایلەند، اندونزی، مالزیو فیلیپین لەسەر لەشفرۆشی دەگەرێ و شکلێ گرتووە. دەرامەدی بە دەستهاتوو لەشفرۆشی لە وڵاتانی تایلەند، بەرازیل، کوبا، روسیە، کنیاو زۆرێک لە وڵاتانی دیکە سالانە نیزیک بە ٤ میلیارد دۆلار مەزەندە دەکرێ. ئەم بارودۆخە لە زۆرێک لە وڵاتان بە گوشاری سندوقی نێونەتەوەیی پووڵ و بانکی جیهانی بۆ پەرەپێدانی ئابووری لەسەر بنەمای توریسم هاورێ بووەو پەرەی پێدراوە. زۆرێک لەو کەسانەی لە کلوپەکانی شەو، باڕەکان، کاباراکان، هۆتێلەکان و ئاژانسەکانی موسافرەتی و شیرکەتە فرۆکەوانییەکان کار دەکەن، کارو شوغڵیان پێویستی بەدانانی ژنان بۆ راکێشانی توریسم لەو وڵاتانەیە.

٤ –ئەم بازرگانییە درێژەو قازانجی پیشەی سێکسو هەروەها چەوساندنەوەی ژنانی زەمانەت کردووە. لە راستیدا گرینگی ژیانی ژنێک لەو ڕێگایەوە نرخی لەسەر دادەنرێ. خاڵی جێگای سەرەنج ئەوەیە کە پووڵ و معامەلەیەک کە ١٠، ٣٠ یان٥٠ دۆلار ئەرزشی هەیە لە ژیانی ژن یان کچێکی مێرمنداڵ زیاتر گرینگی هەیە. ئابووری لەو زیاتر گرینگی هەیە. پیاوێک بەدانی ئەو پووڵە جەستەی ژنێک دەکرێ و هەر کارێک کە بیهەوێ بەرێوە دەبات.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین بازرگانی بە ژنان بۆتە بەشێکی جیانەکراوە لە نیزامی سەرمایەداریو نیزامی کۆمەڵایەتی پیاوسالاری. ئەم پرسەش هەم لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریو هەم لەگەڵ سیستمی ئیدیۆلۆژیکی ئەو هاوئاهەنگی هەیە. هەوڵەکان بۆ نەمان و کەمکردنەوەی ئەم بازرگانییە ئاکامێکی لێنەکەوتۆتەوە، بەڵکوو بەگشتی بۆتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخەکە. کێشەو پرسی سەرەکی، گەندەڵیو بوونی چەندین بەرپرسی دیکە نییە. پرسەکە لە جێگەیەکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە بنیاتی خودی سیستمەکەیە. جێگایەک کە هەموو شتێک لەسەر ئەساسی قازانجو باڵادەستی رەگەزی نێرو شوڤینیزمی پیاوانە رێکخراوە. ئاپارتایدو چەوساندنەوەی ژنان بەشێکی گرینگ و جیانەکراوە لە سیستمە چەوسێنەرەکان بووە، بەڵام نیزامی سەرمایەداری نە تەنیا ئەم چەوساندنەوەیەی لەناو نەبردووە، بەڵکوو شێوەو شکڵی مەترسیداری لە چەوساندنەوە زیاد کردووەو پەرە پێداوەو ئەم رەوتە هەروا بەردەوامە...

**لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لە نێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی ژن و بێ مافی و ژێردەستەیی ئەو بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن

بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com

# چەمکی توندوتیژی دژی ئافرەتان و مێژوویەکی قێزەون



**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

### توندوتیژی دژ بە ئافرەتان واتا چی؟

بەشێوازێکی گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەمانای هەر جۆرە زەبرو کاردانەوەیەکی جەستەیی، زارەکی، دەروونی، سێکسی وهەروەها مەعنەوی دێت، کە لەلایەن کەسێکەوە بەرامبەر ئافرەت، ئەنجام دەدرێت، سەرەنجام دەبێتە هۆکارێک بۆ ئازار گەیاندن بە ئافرەت و لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت.

### ئافرەت کێیە؟

ئافرەت واتا مرۆڤ، دایک، هاوڕێ، هاوژین وهەروەها دیوەکەی تری بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتییە بەشێوازە دروستەکەی.

شێوازەکانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان چین؟ ئەگەر بەشێوازێکی گشتگیر قسە لەسەر جۆرەکانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بکەین دەکرێت خۆیان لەچەند جۆرێکی دیاری توندوتیژی ببیننەوە، وەکو جەستەیی و زارەکی ودەروونی، کەهەریەک لەو جۆرانە دەکرێت بەرامبەر ئافرەت پەیرەو بکرێت، دەشێت لێرەدا فراوانتر باس لەجۆرەکانی بکەین، لەدیاریترینیان توندوتیژی جەستەیی لەرێگای بەکارهێنانی هێزی جەستەییەوە، توندوتیژی دەروونی لەرێگای بەکارهێنانی وشەی نەشیاو، تەشهیر، سەرزەنشت کردن و جۆرەها کاردانەوەی تر کەببێتە هۆکارێک بۆ ئازارگەیاندن بەلایەنی دەروونی ئافرەتان هەروەها توندوتیژی سێکسی ئەوەش لەرێگای لاقەکردن، دەستدرێژی یاخوود ناچارکردنی ئافرەتان بەئەنجامدانی کردەوەیەکی سێکسی دوور لەویستی خۆی، هەروەها توندوتیژی بونیاتنراو لەسەر لایەنی رەگەزی ( جێندەر )، کە خۆی لەسەپاندنی هێزو باڵادەستی رەگەزی نێر دەبینێتەوە بۆ سەر رەگەزی بەرامبەر، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی جۆرەها توندوتیژی. هەروەها توندوتیژی روحی یەکێکی ترە لەدیارترین جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەئامانجی لێدانی وکوشتنی روحییان... لەدواجاریشدا هەریەک لەوجۆرانەی ئاماژەیان پێکرا دەشێت بەپێی ژینگەی کۆمەلایەتی، پەروەردەیی، هەروەها ژینگەی کارو ئاستی هۆشیاری تاکەکانیش بگۆردرێت.

### بۆچی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئەنجامدەدرێت؟

هۆکارەکان زۆرن، دەکرێت گرنگترینیان لەچەند خالێکدا کورت بکەینەوە وەکو کێشە خێزانی وکۆمەلایەتییەکان کەزۆرجار هۆکارێکی سەرەکین بۆ تێکشکاندنی ئاشتەوایی خێزانی و لەدواجاریشدا کاریگەری نەرێنیان دەبێت بۆسەر لایەنی دەروونی منداڵان بەوەی وەکو گرێیەکی دەروونی تیاندا بەپەنگ خوادوویی بمێنێتەوە ولەدواجاریشدا هەمان ئەو کێشانە لەقۆناغەکانی داهاتووی ژیانی خێزانی وکۆمەلایەتییاندا دووبارە ببنەوە. هەروەها یەکێکی تر لەهۆکارەکان دەکرێت لایەنی ئابووری بێت، بەوپێیەی بوونی داهات و ئابوورییەکی جێگیر وسەربەخۆ بۆ ئافرەتان بەتایبەت دەشێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ جێگیربوونی ژیانی خێزانییان وهەروەها لەسەر ئاستی ژیانی خێزانیش پاڵنەرێکی بەهێزبێت بۆ بەرێکردنی ژیانێکی خێزانی ئارام بۆیان. هەروەها ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیری وکاریگەرییەکانی دابونەریت وبیری نێرگەرایەتی و پیاوسالاری وکاریگەری وتاری ئاینیش رۆلی زۆر گەورە دەگێرن لەتەشەنەکردنی حالەتەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

### چۆن ڕووبەڕووی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بوەستینەوە؟

ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بەکاراکردنی زیاتری رۆڵ وئەدای دامەزراوە خێزانی وپەروەردیی وهەروەها میدیاییەکانیش دەبێت لەوەی هەریەک لەوانە کار لەسەر بەرهەمهێنانی سیستەمێکی نوێ بکەن بۆ چۆنییەتی پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست لەڕووی شێوازی بیرکردنەوە لەهەمبەر کۆی ئەو پرسانەی پەیوەستن بەژیانی کۆمەلایەتی ودۆسییەکانی ئافرەتانەوە. هەروەها زۆریش پێویستە لایەنە تەشریعییەکان ودادگاکانیش رۆڵی راستەقینەی بنوێنن لەچۆنییەتی بەگژداچوونەوەی حالەتەکانی توندوتیژی چونکە، بیرمان نەچێت سیستەمی دادگایی سیستەمێکی کاریگەرو پێویستە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتی وهەر کەموکورتییەک لەم سیستەمەش کۆمەڵگە بەرەو سەرگەردانی دەبات. دواتریش رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئافرەتان وهەروەها رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش پێویستە ستایل وشێوازی کارکردنیان بەئاراستەیەکی باشتردا بگۆرن، زۆرترین جەخت لەسەر کاری مەیدانی بکەن وهەروەها چەقی توانا وچالاکییەکانیان شۆربکەنەوە بۆ ناو کۆمەڵگە لەرێگای کاری مەیدانییەوە.

# ئافرەت و ململانێی دەروونی

هاوشێوەی ڕەگەزی بەرامبەری بێ سلّکردنەوە و ڕامان پێویستە ئافرەتی کورد خۆی بخاتە نێو ئەو ململانێ دەرونیانە و فاکتەرەکانی دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی بدۆزێتەوەو وە پاشان خستنەبەری پرسیاری خودی بۆخۆی بخولقێنێت بۆئەوەی لە دەرئەنجامدا بگەین بە ژێر پرسیار خستنی سەرجەم سیستەمی پاتریاکی، ئەو ژێر پرسیار خستنەش بەوە دەکرێت، کە سیستەمێکی باڵاتر لەوەی هەیە و ئەو لە ناویدا راڤەی خەونەکانی خۆی تێدا دەکات دروست بکات، دەکرێت ئەو سیستەمەش ئایدیای ئافرەت بێت لە نێو تاقیگەی ئافرەتاندا، پێویستە سەرەتا ئافرەت بە خۆیدا بچێتەوە، کە لە کوێدایە؟ کاری چییە؟ شوناسی چییە؟ ئامانجی چییە؟ لە هەمووشی گرنگتر ئایا ڕێگەیەکی مەشروعی گرتووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی، لە مەیاندا پێویستە هەندێ شتی زۆر ساکار بخەینە روو بۆ ئەوەی روونی بکەینەوە لەوانەی، کە خۆم بینیومە، کە بەداخەوە لە ژنێک وەشاونەتەوە خۆیان بە داکۆکیکاری ژن دەزانن، ژنێک کە هەنگاو دەنێت بەرەو ژن بوون وە چۆن دەست دەکات بەرەخنەگرتن لە خوود.



لەئێستادا ئەگەر تۆی ئافرەت لە ڕێکخراوێکی ئافرەتان لەوانەی، کە حیزبەکان وەک هەر ڕێکخراوێکی پزیشک خوێندکار/ قوتابی، ئەندازیایان کردۆتەوە بە ئێوە، کە توێژێک لە چێن و توێژرەکانی کۆمەڵی بۆ ریک بخات، ئەوە بێگومان ئەو ئافرەتە شۆناسی ئافرەت بوونیان هەڵنەگرتووە، چونکە ئافرەت ئەو مرۆڤە نییە، کە لایەنێکی پاتریاکی وەکو ئامێری جێبەجێکردنی ئایدیای پاتریاکی بەکاری دەهێنێت جیهانێکی پاتریاکی قبوڵ نییە و رەخنەی لێ دەگیرێت. ئەگەر تۆی ئافرەت لە رێخراوێکی بەناو سەربەخۆی لەوانەی یان لە دەرەوەی کوردستان دامەزراون، بەڵام متمانەیان ماددی و مەعنەوی خستووەتە سەر دەسەڵاتەکان و بەناوی ئافرەتەوە دەسەڵاتەکان لە خۆیان لە دەسەڵاتەکان نزیک دەکەنەوە و ئافرەتەکانی، کەنار گرتوو بەمەش مەینەتی و چەوساوە و کرێکار و هەلاواردوی دوورن لە کێشە سەرەکییەکان تۆ ئافرەت نیت، چونکە ئافرەت ئەو مرۆڤە نییە، کە خەونی باڵابوونی لەگەڵ دەسەڵاتە جیاوازەکاندا هەیە، ئەو مرۆڤەیە، کە خەون و مەینەتی و ئازارەکانی ئافرەتان لە نەوییەوە دەبات بۆ باڵا، بۆیە کارکردنی لە واقیعەوە هەڵدەزنێت بۆ بەڵا. ئەگەر تۆی ئافرەت لە بوارێکی رۆشنبیری دایت و نارەوایی پێشکەوتنی هاورەگەزەکەت دەبینی و پێی شتێگیر دەبیت و شێلگیرانە دەکەویتە سەرزەنشت کردنی و تەکەتەلول کۆکردنەوەی پاتریاکەکانی دەوروبەرت، کە تۆ ئامێری جێبەجێکاری فەرمانەکانیت، ئەوا ئافرەت نیت و جوانتر ئەو وشە بەکار نەبەیت و تەنانەت خۆشت بە داواکاری مافی ئافرەتانیش ناوزدە نەکەیت، چونکە ئافرەت ئەو مرۆڤەیە کێ برکێی هاورەگەزەکەی ناکات، بەڵکو پیشبرکێی سەرخستنی مەسەلە پیرۆزەکەیان دەکەن بەرامبەر سیستەمی پاتریاکی، گوتاری ئافرەتانە / ئافرەتانەی خۆی دەبێت بەرامبەر گوتاری پاتریاکی و دەبێت جیهان بینی ئافرەتانەی ئەو لەوە گەورەتر بێت، کە هیچ گوتارێکی پاتریاکی بتوانێت گوتارێکی مێیانە گوتارێکی ئافرەتانە بهێنێتە پەراوێز، نەک خۆی دەست تێکەڵ سیستەمی پارتریاکی و نووسەرەوەی گوتارە پاتراکیەکە بێت لە دژی گوتاری ئافرەت یان با بڵێم ئەو ئافرەتە گوتاری ئافرەتان نین، چونکە پێشبرکێی سەرەکی پێویستە لەسەر چۆنیەتی پڕ کردنی بەشە بەتاڵەکەی ناخی بێت. ئەو ئافرەتانەی وێنەیەکی قەشەنگی هاورەگەزەکەی سەرکەوتنێکی هاورەگەزەکەی دەبینێت لەکەناڵەکانەوە تووشی هیستریا دەبێت، بە سەدان وێنەی جۆراوجۆر و دەیان بابەتی بێ ژێدەر و نازانستی و ناو و ناتۆرە بڵاو دەکاتەوە و کەف و کوڵی دڵی بەو دادەمرکێنێتەوە واهەست دەکات ئەگەر بابەتەکانی زیاتر بوو مێژوو بە مەزنتر ناوزدەی دەکات یان مێژووی جوانتر و پرشنگدار دەکات، یان ئەگەر خەڵی لەکەدار کرد خۆی جوانتر دەبێت، خەڵکی گوناە بارکرد گوناهە زۆروزەوەندەکانی خۆی دەشارێتەوە یان هاو گوناە دەدۆزێتەوە و ئیتر لۆمە ناکرێت، ئەمە کردەوەی ئافرەت نییە، بەڵکو ئەوە لە زانستی دەروونی داپێی دەوترێت نەخۆشی کەم سەری، واتە هەست بەکەمی کردن، ئەو ئافرەتەی شوناسی ئافرەتی هەڵگرتوە مرۆڤێکی تەواوە، نەخۆشییە دەرونییەکانی خۆی چارەسەر کردووە، باوەری بە کۆششە بۆ هەوڵی گۆرینی ئەو کەلتورە دارزاوەی ئەوی ئافرەت بە گوناە بار نیشان ئەدات نەک پەرەپێدانی ئینجا توانیویەتی ببێت بە خاوەنی گوتارێکی مەعریفی ئافرەت، ئافرەت خەباتێکی بابەتییە نەک نەوعی، خەباتێکی مەعریفییە نەک نەهیلستی. ئافرەتێک ئەگەر لە لووتکەی دەسەڵاتی ئافرەتانیش بێت، لە لووتکەی دەسەڵات و توانای رۆشنبیریشدا بێت ئەگەر نەیتوانی مامەڵەیەکی مەعریفیانە و دروستی و نەیتوانی لەبری هەڵوێستی لاواز و سەیری خۆی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ریزی بەرهەم و چالاکی خەڵکی تریش بگرێت، ئەو ئافرەتەی دەکەوێتە نێو کاریگەری ئیرەیی، مرۆڤێکە، کە خۆی و بەباتی خۆی لە کەمە و ناتوانێت ریزی بەرهەمی خۆ بگرێت.

**شوانە حەسەن**

# قوربانیانی توندوتیژی و نامووسپەرستی



شەوی ٢٧ی تەموز لە شاری کەرکوک ژنێک بەناوی" مونتەها خالید" تەمەن ١٩ ساڵ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەناوی" عەلی برهان" کوژرا.جیگای باسە ئەو ژنە دووگیان بوو. دەوترێت ئەو ژنە بەهۆی لەدەست دەرچوونی فیشەکەوە گیانی لەدەستداوە و دۆسیەش بۆ کەیسەکەی کراوەتەوە.

بەرواری ٢٦ تەموز کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ بەناوی " پ، م" لە شاری سۆران بە لچکەکەی خۆی و لەماڵی خۆیاندا خۆی خنکاندووە.

بەرواری ٢١ تەموز لەگوندی تارینای سنوری ناحیەی خەلیفان، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ، بە چەکی کلاشینکۆف لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت... بکوژ دەستگیر نەکراوەو دەوترێت پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە.

بەرواری ٣٠ تەموز ژنێک لەگەرەکی پەنجە عەلی شاری کەرکوک خاوەنی سێ منال، لەلایەن برایەکیەوە درایە بەردەستریژئ گوللە و کوژرا. تاوانبار رایکردووە، دەوترێت پۆلیس پەڕوای بۆ دۆسیەکە کردۆتەوە.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا**

## بەشیکی تر لە دەقی
## ئەمەوێت دەستێك لە مردن ڕاگرم

وورده شوشەی قاوەیی
لە چاوەکانم دەکەوێتە
خوارەووو
دراوسێکانیشم، لای
پیاوێکی فاڵچی
دووگمەی ستیانەکانیان
دەترازێنن.

هەراسانم دەکات
ئەم هاتوو چۆیەی خۆم،
هەراسانم دەکات
غەڵبە غەڵبەکانم، بۆ
ناخرێتەوە شوێنی خۆیان
و
بەقەد ئەم دەڤەرە ویران
کراوە،
کۆترە شینکە دەناسم
کەچی بەیانیەکی
سەرسپیم، بۆ نابرێتە
بەردەرگای
کڵێسەیەکی بێ
ناونیشان!!!

ووردەشووشەی قاوەیی،
لە  چاوەکانم دەکەوێینە
خوارەووو
کەچی نازانم من لە
کوێوە هاتووم
ئاخ وێرانەیە، ئەم دەڤەرە
وێرانەیە
مردووەکان بەیانیان بۆ
پیاسە دێنەدەرەووو
ئێوارانیش بە کۆڵێك
زامەوە، دەگەڕێنەوە
ماڵەوە
هیچ شتێکم لەسەر خۆم
بۆ نانووسرێت!
ناتوانم بە هاوڕێکەم بڵێم
:
با پیاسەیەك بەلای  ماڵی
ئەنوەری مەجید سوڵتانا
بکەین و
گوێیەك لە شەقەی باڵی
کۆترە شامليەکانی
بگرین.

ووردەشووشەی قاوەیی
لە چاوەکانم دەکەوێتە
خوارەووو
کەچی بەئەمام
کتێبی ناو
کتێبخانەکەم بفرۆشم و

بە مردووەکان بڵێم;
ئیتر لەمەو لا ئێوە
دەخوێنمەووە
ئێوە دەنووسمەوە
ئەم دەڤەرە پڕە لە
گۆمی قووڵ و
بێزاری باران و
ڕوو ڕەشی ڕەشەبا.

هەراسانم دەکەن!! .
ئەوانەی بە پێڵاوی
بریسکەدارەوە،
دەڕۆنە هۆڵی پەرلەمانەوە
هەراسانم دەکەن،
لەپێستی خۆم دەرم
دەکەنە دەرێ.

هەموو شتێك ڕادەگرم!!!
من. تێ ناگەم،
لە چوونە دەرەوەی خۆم
تێ ناگەم
ئاخر...
کە گوێم لە بانگی
بەیانیان دەبێت
ئەو پیاوەم بیر
دەکەوێتەوە
کە لە ژووری مردوو
شۆری مزگەوتێکدا،
ئەتکیان کرد.

چاوەکانم، وورده
شوشەی  قاوەیی لێ
دەکەوێتە خوارەووو
مامۆستای وانەی  دین،
بەگۆچانێکی خوارو
خێچەوە
بەلاما دەڕوات.
دایکم پێم دەڵێت;
کوڕم لە کەلی شەیتان
وەرە خوارەوە
ئێستا زەمەنی "کەوا
بخۆیە"
ئەوەندە ئەم قورئانە، ئەم



دیوو ئەو دیوو مەکە،
خوا دەتگرێت.

ووردەشووشەی قاوەیی
لە چاوەکانم دەکەوێتە
خوارەووو،
زۆر شەو باوکم دێتە
خەونم و پێم دەڵێت;
کوڕم قەیتانی
پێڵاوەکانم، خەریکە
دەڕزێت و
حەز ناکەم بە پێ
خاوسی بچمە حزووری
خودا
ئاخر من....
ئەم هەموو خەمانەم بۆ
ناخرێتە،
کۆڵە پشتەکەمەووو
شانم تەواو
تەواو...خواربووو
خەریکە خۆمم لێ
دەکەوێت خوارەوە
چاوەکانم وورده
شوشەی قاوەیی لێ
دەکەوێتە خوارەوە.

حەکیم میرزا

قەسیدەکە بەردەوامە



## دەفتەری هەڵهاتویەک لە نیشتمان



منیش وەک ئەو کەروێشکە ترساوەی
کە لە دەستی ڕاوچیە ناشیرینەکان هەڵدێن
منیش وا خەریکە بەدڵی شکاوەوە
لەم نیشتیمانە ناوسک سوتاوە ڕانەکەم
وەک ئەو پەپولە بێ زمانەی سەرناگر
وا پەلە قاژەی دەرچونمە و
تەنها ڕۆح لەگەڵ خۆمدا نەبەم
ببورە ئەی خاکی ڕشکن
نامەوێ ئەسپێکانت
ئەوەندەی تر بەربینە جەستەی کلۆڵم
نامەوێ سەبەتە خاڵیەکانم
بە سێوە حەرامەکانی حیزب پڕ کەمەوە
نامەوێ دەم بدەم لەو هەنارەی
کە بە ناوی خیانەت سورەیان دێ
نامەوێ ئەو دەم وچاوە ڕوو زەردانە ببینم
کە سوێندیان خواردووە بینە خوا
نامەوێ ئەو تیڤیانە ببینم
کە بە خوێنی خۆم سپۆنسەر ئەکرێن
نامەوێ بتبینم لەسەرمێزی قومارخانەکاندا
لەگەڵ هەڵدانی قومێ پێکدا بتفرۆشن
ئەی خاک ئەی  لە خۆم دڵ شکاوتر
منی بێ کەڵک لە بوونتا مەهێڵە و
جنێپێکانیشم بە تۆزی ئەگبەتیت پڕکەرەوە

ن . عوسمان قادر
11 . 6 . 2017

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح



# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

## دوای تەقەکردن لە ڕێپێوانی خوێندکاران ٥ کوژراوی لێکەوتەوە.




کۆمەڵەی پزیشکانی سودانی بەرهەڵستکار ڕایگەیاند کە ٥ خوێندکار بوونە قوربانی، پاش ئەوەی چەکدارە ئەمنیەکان تەقەیان لە ڕێپێوانێکی خوێندکاران کرد لە شاری الابیض لە ویلایەتی باکوری کردفان لە سودان. ڕێپێوانی خوێندکاران لەبەرامبەر گرانی و دەستنەکەوتنی کاڵا و شتومەک بوو. شایەدحاڵەکان دەڵێن چەکداری نەناسراو تەقەیان لە خۆپیشاندانەکە کردووە لەسەر بانەکانی بازاڕی ئەو شارە.

دەسەڵاتدارانی سودانی لەو ویلایەتەدا قەدەغەکردنی هاتووچۆیان ڕاگەیاندوە لەچەند شارێکی ئەو ویلایەتە. ئەمەش دوای لێکەوتنەوەی گوژرانی پتر لە ٥ کەس لەشاری الابیض.

بەپێی ئاژانسی ڕاگەیاندنەکان بێت قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە ٩ی شەوی ئەمڕۆ ٢٩/٧/٢٠١٩ تاوەکو ٦ی بەیانی بەردەوام دەبێت. ئەمەش تاکتیکی نادیار بەردەوام دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایش.

بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکان لە سودان ئەمڕۆ دووشەممە داوایان لە هەوادارانیان کردووە بۆ خۆپیشاندان لەسەرتاسەری وڵات، ئەوەش بۆ ئیدانەکردنی کوشتنی ٥ خوێندکار و کەسێکی دیکە لەشاری الابیض.

بەپێی قسەی شایەدحاڵەکان هەر ئەمڕۆ لە خەرتومی پایەتەخت خۆپیشاندان دەستیپێکردۆتەوە.

## مەغریب: یاسای خۆپیشاندان... نەقابەکان حکومەت سەرپشک دەکەن لە نێوان دانوسان و ناڕەزایەتی؟



بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە دەرگا لەبەردەم جەنگێکی دیکەی پەیوەندی نێوان نەقابەکان و حکومەتی سعدالدین العوسمانی دەکرێتەوە. بەگشتی نەقابەکان و ڕابەرانی یاسای تازەی خۆپیشاندان ڕەتدەکەنەوە.

لەوەدەچێت کاری حکومەت ئاسان نەبێت لەبەردەم داواکاری کشاندنەوەی یاسای خۆپیشاندان لە پەرلەمان، و گەرانەوەی بۆ مێزی دانووسانی نێوان حکومەت و کۆمەڵەی نەقابەکان و باترونا لەپێناو تێپەڕاندنی خاڵە ناکۆکەکانیان، کە لەلایەن نەقابەکانەوە خاڵی گرنگ و جەوهەرین.

عبدالحق حیسان، ڕاوێژکاری پەرلەمان گووتی"مەکتەبی جێبەجێکردن کۆبوونەوە لەسەر کشاندنەوەی یاساکە لە پەرلەمان، و گەڕاندنەوەی بۆ مێزی دانووسان" جەختیشی لەوەکردەوە کە " نەقابیەکان چاوەڕێی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکەن لە کۆبوونەوەی داهاتوویاندا، بۆئەوەی هەنگاوی بەهێزتر ڕابگەیەنن".

حیسان گووتیشی" ناڕەزایەتیەکان هەڵدەکشێن، ئەگەر حکومەت وەڵامی داواکاریەکانیان نەداتەوە، ئەوە مانای هاتنە سەر شەقامە، هەروەها ڕاکان بۆ هەلکشانی ناڕەزایەتیەکان لە گۆڕێدایە، بەڵام یەکلایی نەکراونەتەوە، ئامادەییشیان هەیە بۆ کارکردن لە ناو پەرلەمان بۆ ڕاگرتنی یاسای مانگرتن".

سەبارەت بە ڕێکخستن لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەدا، ڕابەرێکی نەقابی گووتی"بە سەیرکردنی ڕووداوەکان و واژۆکردن لەسەر ڕێکەوتنی پێشوو، مەسەلەکە سەختە، بەڵام بەم شێوەیە سەختە دەمێنێتەوە". دانووسان لەگەڵ حکومەت چاکترە، چونکە یاساکە زۆر کرنگە بۆ مەغربییەکان، و دوای ئەوەی بەخێرایی هات دەبێ دەرکی پێبکەن. حکومەت بەخێرایی دەریکرد بۆ ڕزگارکردنی شەرعیەتی خولی پێشوو". حیسان گووتیشی" دروست؛ کشاندنەوەی یاساکەیە لە پەرلەمان، چونکە ئەو ڕەشنووسەی پێشکەشکراوە لە ئێستادا، خراپترین دەستنووسە کە پشتی پێببەسترێت"، جەختیکردەوە لە" جەنگەکە بەردەوام دەبێت تا دەرکردنی یاسایەک کە تێیدا چینی کرێکار وەڵامی خۆی بەعادلانە وەردەگرێتەوە".

حیتوم، ڕاوێژکارێکی دیکەی پەرلەمان بەناوی یەکێتی کاری مەغربی گووتی" هەنگاوەکانی ناڕەزایەتی بەردەوام هەیە، دوای بەیانەکەی ئەمانەی گشتی و ڕوونبوونی پێچەوانەی یاساکەی ئێستا لەگەڵ تەشریعاتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، لەناویاندا ڕێکەوتنی ٢٥ی ئەپریلی ڕابردوو، پێویست بە کردنەوەی دەرگای دانوساندنی سێ لایەنە دەکات بۆ کۆکردنەوەی نەقابەکان و حکومەت و باترۆنا".

حیتوم ئەوەشی زیادکرد لە لێدوانەکەی بۆ ڕۆژنامەی هسبریسی ئەلکترۆنی کە "جیاوازی لەگەڵ حکومەت بەرنامەییە و پەیوەستە بە گەڵاڵەکردنی پرۆژەکە" ئاماژەی بەوەدا" تاوەکو ئەم ساتەوەختە دانوساندنمان دەوێت، بەڵام لە کاتی تێپەڕکردنی یاساکە لەلایەن حکومەتەوە، ئەوە قسەیەکیتر دەبێت"، جەختی لەوەش کردەوە کە" نەقابەکان مزەکەرەیەکی ڕۆشنیان پێشکەش بە حکومەت کردووە سەبارەت بە یاسای مانگرتن".

ڕابەرە نەقابیەکە داوای کردووە کە"سەرلەنوێ پرۆژە یاساکە دابڕێژرێتەوە"، هەروەها "نەقابە بەپشتبەستن بە کۆبوونەوەی کراوەی ئەمانەی گشتی نیشتمانی، و ڕایگەیاندووە کە پشووی هاوینە نابێت". ئاماژە درا بەترسیان لە



تێپەڕکردنی یاساکە لە دەرگای تەشریعەوە، هەروەک لە مەسەلەی یاسای خانەنشیدا کردیان".

## ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە کرێکاریەکان لە ئێران.

مانگرتنی کرێکارانی کارگەی دروستکردنی تایەی ئۆتۆمۆبیل لە شاری مەشهەد لە ٩ی تەمووز لەبارەگای کارگەکە لەبەرامبەر نەدانی مووچە داوکەوتوەکان. ئەو خۆپیشاندنەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بەشداریان تێداکرد، لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە پشتیوانیەکی فراوانی لێکرا.

ڕۆژی ٩ی تەمووز ٢٠١٩ کۆمەلێک لە کرێکارانی بەشی سیانەی هێڵەکانی شەمەندەفەر گردبوونەوە لە بەرامبەر بینای هێڵی ئاسنی لە تەبریز لە پارێزگای ئازربایجانی خۆرهەڵات. گردبوونەوە ناڕەزایەتیەکە لە بەرامبەر گواستنەوەی ژمارەیەک لەکرێکارانی خۆپیشاندەردا کرا بۆ شوێنی دیکە.

پیش چەند ڕۆژێک لە ناڕەزایەتیەکانی کرێکارانی هێلی شەمەندەفەری تەبریزدا، کرێکارانی هێلی ئاسنی لۆرستان هەستان بە بزووتنەوەیەکی لەهەمان شێوە و لەهەمان کاتدا، ئەویش بەهەستانی سەرنشینەکانی هێڵی ئاسنی لە باشووری ئەندیمشک بەداخستنی هێڵی ئاسنی تاران بەرەوباشوور. ئەم ناڕەزایەتیەش لەبەرامبەر بێدەنگی بەرپرسان لە دواکەوتنی مووچەکانیان.

لە هەنگاوێکی دیکەدا، لە ٩ی ئەمووزدا، ژمارەیەک گەشتیاری ناڕازی لە هێڵی ئاسنی لۆرستان بەرەو تاران گەشتیان کرد بۆ بەدواداچوون بۆ داواکاریەکانیان.

ژمارەیەک لە مامۆستای ئازاو ئازادیخواز لە کرمانشان ڕۆژی دووشەممە ٨ی تەمووز خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست بەدژی دەستگیرکردنی یەکێک لە هاوڕێکانیان و ئەشکەنجەدانی.

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی تەمووز ٢٠١٩ ژمارەیەک لە شوفێری ئۆتۆمۆبیل سەر بەکۆمپانیای کجساران بۆ وەبەرهێنانی نەوت و غاز هەستان بەڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر نەدانی مووچە و موستەحەقاتەکانیان.

ئەم شوفێرانە هیچ زیادەیەکیان لە مووجەکانیان بەخۆوە نەدیوە لەم ساڵەدا، هەروەها هیچ یەکێک لە داواکاریەکانی پێشوویان وەڵام نەدروانەتەوە. ئاستەنگی ژیان و دواخستنی کرێکانیان، گەورەترین تەگەرەکانن کە دێنە بەردەم ژیانی ئەم شوفێرانە.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێک لەو بزووتنەوە ناڕەزایەتیانەن کە لەم دواییانەدا ڕێکخراون:

گردبوونەوەی هاونشتمانیانێک کە پارەیان بەتاڵانبردراوە لە لایەن دەزگاکانی کاسبین و برزی ئیرانیان و حەج.

ناڕەزایەتی شوفێر دەرکراوەکان لە کۆمپانیای ترلێلەی تاران و دەوروبەری.

گردبوونەوەی فەرمانبەرانی یەکێتیەکانی وەحدت (ئارمان)ی بیمە لەبەردەم بینای ئەم دەزگایە لە خورەم ئاباد. خۆپیشاندانەکە ناڕەزایەتی بوو لە بەرامبەر نەبوونی ئاسایشی فەرمانبەری.

کرێکارانی کۆمپانیای خۆرئاوای کیمیاوی ئۆرگانی(باختر بیوشمی) لەبەردەم بینای وەزارەتی داد و وەزارەتی تەندروستی لە تاران گردبوونەوە.

گردبوونەوەی دانیشتوانی ناوچەی بۆستانی سەربە شاری( باشت) بۆ ناڕەزایەتی لە بەرامبەر بڕینی ئاو بۆماوەی ٢ ڕۆژ و دروستکردنی کێشە لەژیان و گوزەرانی لەو ناوچەیە.

سەرکوتی تازەی کرێکارانی میسر و دەستگیرکردنی ٤ لە مانگرتوان لە شاری سەعید.

لە ١٥ی تەمووزەوە کرێکارانی کۆمپانیای ناوەراستی میسر بۆ ڕستن و چنین لە بالمنبا هەستان بەمانگرتن

هێزەکانی ئاسایشی کودەتا ١٣/٧ مانگرتنێکی کرێکارانی ڕستن و چنینی لە المنبا لە باشووری میسر بەزەبری هێز سەرکوت دەکات و ٤ لە کرێکارانی مانگرتوو دەستگیر دەکات.

کرێکارانی ڕستن و چنین لە المنبا لە ناوەڕاستی سەعید لە میسر ناڕەزایەتیان ڕێکخست لە بەرامبەر وەڵام نەدانەوەی داواکاریەکانیان کە بریتیە لە باشترکردنی مووچە و سەرفکردنی دەرماڵە مستەحەقەکانیان.

لە ١٥/٧ ەوە کرێکارانی کۆمپانیای ناوەڕاستی میسر بۆ ڕستن و چنین لە المنبا دەستیانداوەتە مانگرتن لە کار، ئەمەش بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر دابەزینی مووچەکانیان و نەبوونی گرێبەستی کرێکارانی کاتی، هەروەها داوای بەرزبوونەوەی گرانی گوزەران لە ١٠ جونەیە بۆ ٢٠٠جونەیە.

بۆپێشەوە FORWARD بلاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

# دیمانە هاوپشتی "همبستگی" لەگەڵ مەنسور حیكمەت دەربارەی لە باربردنی منالّ

## بەشی چوارەم



سورەیا شەهابی: بەرنامەی حیزب لە باربردنی منالّی بە "لە ناوبردنی عەمدیی كورپەلەی ئینسانی" لەقەڵەم داوە، وە خوشت لە قسەكانتا ئاماژەت بۆ ئەوە كرد كە لە باربردنی منالّ لە هەر تەمەنێكدا بێت "پچرینی ڕەوتی گەشەی ئینسانیكە كە عومری خوی دەست پێكردووە". كەسانێك لەم پێناسەیە ئەم ئەنجامگیریە دەكەن كە ئەنجامدانی لە باربردنی منالّ لە دیدگای بەرنامەی حیزبەوە تاوانەو ئەو دایكەی كە بریار لەسەر ئەنجامدانی كاریكی وا دەدات دەكەوێتە خانەی تاوانبارێكەوە كە قەتلی عەمدی ئەنجام داوەو ئەمەش بێ ئینسافییە!

**منصور حكمت:** ئەم قسەیە كە لە باربردنی منالّ پچراندنی ڕەوتی گەشەی ئینسانێكە كە ژیانی خوی دەست پێكردووە، لەگەڵ ئەم ئیدعایەی كە دایك قەتلی عمدی كردووە یا تاوانێكی ئەنجام داوە، ئاسمان و ڕیسمان لێك دوورن. لكاندنی ئەم دووانە بە یەكەوە نەنیشانەی هەوڵی دڵسۆزانەیە بۆ تێگەیشتنی مەسەلەكەو نە تەبلیغێكی كاریگەرە لە دژی فورمولبەندییەكەی بەرنامەی ئێمە. ئەمە خودزینەوەیە لە ئەسلی باسەكە. بەرای من كەسێك كە لە باربردنی منالّ لە رووی مەبدەئییەوە بە كاریكی بێ عەیب دادەنی پێویستە هەر ئەمە بڵێ‌و بەسەراحەتیش بەرگری لێ بكات. بەخۆ اتهام كردن لەقسەی خەڵكانی ترەوە و دواتر خو گیڤكردنەوە جوابی مەسەلەكە نادرێتەوە. سەرەنجام ئەم جۆرە ناڕەزایەتیە یەك شت دەگەیەنێ: مانای ئەم ناڕەزایەتیە ئەمەیە كە ئەگەر ڕۆژێك بۆ ئەم ڕەخنەگرە بسەلمینرێت كە منالّ درێژكراوەی تەبیعیی كورپەلەیەو كورپەلەش سەرەتای ئیلزامیی ئینسانێكە، ئەو كاتە خودی ئەو لە باربردنی منالّ بە قەتل و تاوان دادەنێت وە ئەمە بۆ لایەنگرێكی لە باربردنی منالّ ناتوانێت هەڵوێستێكی مەحكەم بێت.

هەر چۆنێك بێت، بە بروای من ناوبردنی منالّ لەباربردن بە تاوان یا قەتل "لە چوارچێوەیەكی زەمەنیدا كە لە یاساكانی ئەمڕۆی ئەوروپادا باوە" ڕاست نییە، چونكە تاوان و قەتل مەقولەیەكی حقوقین و پێناسەیەكی كومەڵایەتیان هەیە نەك شەخصی. هەر كەسێك پێویستە لە چوارچێوەی نەریت و سوننەتەكانی كومەڵگەی هاوچەرخی خۆیدا داوەری لەسەر بكرێت. كومەڵگە هەموو شكلەكانی لەناوبردنی ئینسان لە سەردەمی ئێمەدا بە قەتل ناو نابات. واقعیەت ئەمەیە ئینسانەكان بەگەلێك شێوازی جۆراوجۆر لەم دنیایەدا خەریكن یەكتری لە مافی ژیان مەحروم دەكەن. سەربازێك كە لە جەنگدا ئینسان دەكوژێت، ئەندامی دەستەیەكی دادوەری كە دەنگ بەحوكمی اعدامی كەسێك دەدات، پزیشكێك كە لەرووی سۆزو بەرزەیی و مهرەبانی‌یەوە مەرگی نەخوشێك پێش دەخات كە لەسەرەمەرگدایە. دەوڵەتێك كە وێڕای ئاگاداریی دەقیقی لەوەی كە ئاماری مردن چەندە دەچێتە سەرەوە، بیمە (زەمان)ی صحی كەم دەكاتەوە. كەسێك كە دابینكردنی مەرجەكانی سەلامەتی وێستگەی ئەتومی كەم دەكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە دەزانێت ئەمە ئاماری سەرەتانی خوین لە ناو منالانی ئەو دەورو بەرەدا دەباتە سەرەوە. سەرۆك كومارێك كە حوكمی بۆمبارانی جێگایەك دەردەكات، پارتیزانێك یا تیرۆریستێك كە بۆمبێك ئەنێتەوە، ئەمانە هەر هەموویان ئاگاهانە لە كوشتنی ئینسانە واقعی‌یەكاندا بەشداری دەكەن، بەڵام كومەڵگە مەرج نی‌یە هەموو ئەم كارانە بە قەتل‌و ئەنجامدەرانیشیان بەقاتل بژمێرێ. تێڕوانینی شەخسی‌ی ئێمە ئەكرێ لەگەڵ تێڕوانینی كومەڵگەدا جیاواز بێت. تێڕوانینی شەخسی‌ی ئێمە ئەكرێ پشتی بە مەبدەئێكی ئینسانی‌ی موتلەقی ئەوتۆ بەستبێ كە هیچ تەفسیرو ئەملاوئەولایەك هەڵنەگرێ. تێڕوانینی كومەڵگە بۆ ئەوەی كە تاوان چی‌یە، نسبییە و لە رووی مێژووی‌یەوە مەرجدارەو لەگوڕان‌دایە. زەمانێك بوو كە كوشتنی منالّ و هاوسەر لەلایەن پیاوەوە بە تاوان نەئەژمێردرا. جەنابی ئیبراهیمی خلیل لە ئیسلام و یەهودیەت دا بریاربوو لە ڕۆژی رووناكدا كوڕەكەی خوی لە عەملیاتێكی دڕندانەی خواناسیدا سەر ببڕیت كە خوشبەختانە وەكو سیاوش مدرسی دەڵێت لە ئاخرین لەحزەدا ئاشكرا دەبێت كە خواوەند گاڵتەی كردووەو مەبەستی تەنها تاقیكردنەوەی ئەو بووە. هەر لەم دنیایەداو نەلە رابردوویەكی زۆر دووریشدا كوشتنی دیلەكانی شەڕو كویلەكان تاوان نەبوو، هەتا ساڵانی حەفتاكانی هەر ئەم سەدەیەی ئێمە، هەڵواسین و لەسێدارەدانی ڕەشەكان لەلایەن نەژادپەرستە سپی‌یەكانەوە لە ئەمریكا بە قەتل حیساب نەدەكرا. كەسێك بەهۆی كوشتاری هێرۆشیماو ناكازكی‌یەوە (ترومن) ی بە قاتل نەژماردووە. لە ئەمریكا كتێبخانە هەیە بەناوی ئەم بەشەرەوە. تێڕوانینی ئەخلاقی و حقوقی كومەڵگە بۆ كردەوە یەك ڕەنگدانەوەی حەساسیەتی مەعنەوی و عاتفی كومەڵگەیە بەرامبەر بەو كردەوەیە لەو سەردەمە تایبەتەدا. ئەم حەساسیەتە تەنانەت لە یەك دەورەیەكیشدا لە قەلەمرەوە (ناوچە) فەرهەنگی‌یە جۆراوجۆرەكاندا جیاوازە. ئەم حەساسیەتەو ئەم كاردانەوە ئەخلاقی و عاتفی‌یە، وە بێگومان ئاكامە حقوقیەكانیشی، ئەبەدی نییە و گوڕانكاری بەسەردا دێت. زۆرێك لە كردار و شێوازەكانی ئەمڕۆی ئێمە نەوەكانی دوای ئێمە بێزیان لی‌دەكەنەوە، بەڵام ئەم ئاڵوگورە لە مەعریفە و تێڕوانینی عاتفی كومەڵگە بۆ مەسەلەكان پێویستە بە شێوەیەكی واقعی و لە ماوەی چەند نەوەیەك لە ئینسانە واقعی‌یەكاندا ڕوودبات. من زور بەتوندی مخالفی سزای ئیعدامم، بە بڕوای من سزای ئیعدام لە ناوەڕوكدا ئینسان كوژییەكی عەمدی‌و نەخشەمەندانەیە، بەڵام ناتوانم بە ئارەزووی خۆم دەستەیەكی دادوەری كە لە ئەمریكا دەنگ بە تاوانباركردن یا ئیعدامی تاوانبارێك دەدات، بە قاتل دابنێم. چونكە كومەڵگە، وە بێگومان خودی ئەوان، ئەم پێناسەیەیان بۆ كارەكەیان نییە. ژنێك كە دەست بۆ لە باربردنی منالّ دەبات بەیەقین لە ڕوانگەی خۆیەوە كورپەلە بە ئینسانێك، یاخود بە ئینسانێكی تەواو دانانێت وە لە فەرهەنگ و یاسای كۆمەڵگەوە تصویریكی خراپ لەسەر كرداری منالّ لە باربردن وەرناگرێ.

بەهەرحاڵ هەروەك وتم ئێمە منالّ لە باربردنمان بەقەتل و تاوان ناو نەبردووە، وە خوازیاری قانوونی كردنی لە باربردنی منالێن تا ڕادەیەكی فراوانتر لەوەی كە لە یاساكانی ئەمەریكا و ئەوروپای ڕوژئاوادا هەیە. بەڵام ئەمەی كە كورپەلە قوناغێكە لە ژیانی‌ئینسانێكی دیاریكراو كە هەر ئێستا پێی ناوەتە ناو ژیانەوە حەقیقەتێكی حاشا هەڵنەگرە. ئەگەر ئەم حەقیقەتە ئەبێتە مایەی ئازاردانی ویژدانی كەسێك لە منالّ لەباربردندا، خەتای ئێمە نی‌یە. ئەو چاوەڕوانییەی كە ئێمە لە پێناوی مرتاحكردنی ویژدانی كەسانێكدا كە نیازی لە باربردنی منالّیان هەیە ئەم ڕاستیە لە فكرماندا بسڕینەوەو بۆ نموونە وانیشان بدەین كە (حاجی لەقلەق) كورپەلە ئەهێنێت، زیادە ڕەوی‌یە.

سورەیا شەهابی: لە هەندێ وڵات، بۆ نموونە لە بەریتانیادا، بەخشینی ئیجازەی لە باربردنی منالّ سپێردراوەتە دەستی پزیشك تا لەسەر بنچینەی تەشخیصدانی سەلامەتی‌ی جسمی‌و نەفسی دایكەكە ئەم ئیجازەیەی پێبدات و ئەمەش بووەتە مایەی ناڕەزایەتی زۆرێك لە پزیشكان. لە بەرنامەی حیزبی كومونیستی كریكاریدا ئیجازەی لە باربردنی منالّ سپێردراوەتە دەستی دایك. "ئیجازەی پزیشك" یا"بڕیاری دایك"؟ ئایا ئەم بەرامبەركی‌یە هیچ جێگایەكی لەبەرنامەی حیزبدا هەیە. مەبەستم ئەوەیە كە ئایا سپاردنی ئیجازەی لە باربردنی منالّ بە ئیجازە پێدانی پزیشك، هیچ جێگایەكی هەبوو لەباسەكانی پەیوەست بە لەباربردنی منالّ لە بەرنامەی حیزب دا، وە ئەگەر نەیبوو بۆچی؟

منصور حكمت: مەقولەی ئیجازەی پزیشك، تەنها بۆ لە باربردنی منالّ لە دوای دوازدە هەفتەیەوە نەبێ، سەرەتا لە نووسینی دەقی بەرنامەدا مەترەح نەبوو، چونكە رووی مەسەلەكە بەو جۆرەی كە بە واقعی لە هەموو وڵاتەكاندا هەیە، هەڵبژاردن‌و بریاردان لەدەستی ژن دایە. بزووتنەوەی قانوونی كردنی لە باربردنی منالّ، بزووتنەوەیەكە بۆ دانی ئەم مافەو ئەم هەڵبژاردنە بەژن. باسی تەشخیصدانی پزیشك دەربارەی مەترسی ئازاری جسمی و نەفسی حاملەبوون بۆ ژنان، ڕێگایەكە كە لە هەندێ وڵاتدا هەوڵیان داوە لە باربردنی منالّ بەعەمەلی قانوونی بكەنەوە بەبێ ئەوەی كە بەرەسمی دان بە مجازبوونی ئەم كارەدا بنێن. بە تایبەتی وشەی "مەترسی ئازاری نەفسی" بەم مەبەستە دانراوە كە مجال بۆ تفسیركردن بهێڵێتەوەو بەعەمەلی پزیشك سەرپشك بكات كە مۆری تأیید بدات لە خواستی ژن بۆ لە باربردنی منالّ. ئەمە سیستمێكە كە هەر ئەمڕۆ لە بەریتانیادا كاری پێدەكرێ. لە روی عەمەلیەوە لە باربردنی منالّ لە بەریتانیادا ممكنەو بە خواستی ژن ئەنجام دەدرێت. بەڵام لەرووی حقوقی‌یەوە ئەوە پزیشكە كە بریاری لەسەر ئەدات. ئەگەر پزیشكێك داواكاری ژنەكە بۆ لە باربردنی منالّ تأیید نەكات، كە هەڵبەتە هەندی جار ڕوودەدات، ژنەكە دەچێتە لای پزیشكیكی ترو موری تأیید لەو وەردەگری. ئەم شێوازە ریاكارانەیە ئەمڕۆ هەم دەنگی خەڵك و هەم دەنگی پزیشكەكانیشی بەرز كردووەتەوە. ئەگەر پزیشكەكە كەسێكی مخالفی لە باربردنی منالّ بێت، لە ئەنجامدانی ئەم كارەدا دژواری زۆر وە تەنانەت هەندی جار تأخیری جدی ئەخاتە ڕێی ژنەكە. بەوتەیەكی تر بەپێی معیارە ئەخلاقیەكانی پزیشكی ئەو شوێنە هاووڵاتیانی بەریتانیا لەمەسەلەی لە باربردنی منالّدا لە حقوق و ئیمكاناتی جیاواز یەهرەمەندن. لەلایەكی ترەوە، پزیشكەكان بەحەق ناڕەزایەتی دەردەبرن كە كاری ئەوان نەك تەشخیصدانی پزیشكی، بەڵكو بووەتە ڕێنمایی‌یەكی كومەڵایەتی بۆ ژنان. كارێك كە دەبووایە ئەركی یاسا بووایە. ئەمە مەوقعیەتیكی غەیرە ئەخلاقی و ڕیاكارانەی سەپاندووە بەسەر پزیشكەكاندا، بە مخالفان و لایەنگرانی لە باربردنی منالّەوە. ئەڵێن ئەگەر لە باربردنی منالّ كارێكی یاسایی‌یە، ئەوا دەبێت بریار لەسەر دانیشی لەلایەن خودی ژنەوە بێت. هەڵوێستی ئێمەش هەر ئەمەیە.

**وەرگێرانی بۆ كوردی: حەمە غەفور**

**پیاچوونەوەی: سەعید ئەحمەد**

**هەڵەبڕی و نووسینەوەی: بۆپێشەوە**

**ماویەتی...**



# یەکەم دەست نووسی قورئان نەصرانی هاجەری بووە

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئەکرەم مەحمود

پیداچوونەوەی: خالید ساڵح

بەشی یەکەم

بۆ ئەم باسە حەوت بەڵگەی مێژووی و زمانەوانی لەناوەوەو دەرەوەی قورئاندا هەن ئەوە نیشان ئەدەن کە یەکەم دەقەکانی قورئان لەلایەن (قەشەی نەصرانیەکان )ەوە لە ناوچەی شام لە باکوری سوریاو وە لە ناوچەی (بەتراء) لە ئەردەن لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینیدا نوسراوە.

**نەصرانیەکان کێن؟**

نصرانی عبرانیەکان وەک ئەوەی ١٤٠٠ ساڵە موسڵمانان بانگەشەی بۆ ئەکەن مەسیحیەکان نین. نەصرانیەکان تایەفەیەک بون لە یەهودیەکان جیابوونەوە، بروایان وابوو کە مەسیح (عیسا) کۆیلە و نێردراو و وتەی خوایە، نەک کوڕی خوا بێت.

نەصرانی عبریەکان یەکەم دەستنوسی قورئانیان نوسیووە، بۆ وەرگێرانی ئامۆژگاری و چیرۆکەکانی تەورات بۆ دراوسێکانیان کە عەرەبی قورەیش بوون. ئامانجی نەصرانیە شامیەکان ئەوەبوو کە عەرەبی شامیان هەڵخرێنن بۆ هێرش بردن و داگیرکردنی شاری قودس، دوای ئەوە (بیت الله الحرام) واتە ماڵی خوای تیا بنیات بنێنن و دروستی بکەن، واتە پەرستگای یەهودی بنیات بنێن، دواتر چاوەڕێی گەڕنەوەی مەسیح بکەن بۆ دامەزارندنی مەملەکەتی خواو وە جێ بەجی کردنی شەریعەتەکەی لەسەر هەموو گۆی زەوی.

ئەو عەرەبانەی کە لە پاڵ نەصرانیە شەرخوازەکان ناسرابوون بە هاجەریەکان، بە پێی داستانەکانی تەورات ئەو ناوەیان ئەگەڕێتەوە بۆ هاجەر ژنی دووهەمی ئیبراهیم دایکی ئیسماعیل کە باپیرەی عەرەب بوە، هەروەها هەندێک خەڵک پێیان ئەوتن ئیسماعیلیەکان یان سەراسانیەکان.

**چ پەیوەندیەک هەیە لە نێوان قورئانی نەصرانیەکان و قورئانی ئێستا؟**

قورئانی هاوچەرخ واتە قورئانی ئێستا ئەو قورئانەیە کە خەلیفەکانی عەرەب دروستیان کردووەو نوسیویانەتەوە بە هۆی کۆکردنەوەی یەکەم قورئانی نەصرانی نزیکەی سالی 670 ز یان 48 ە. خەلیفەکانی عەرەب و (فقهاء) شارەزایانی ئیسلامی شتی زۆریان بۆ قورئانی یەکەم زیاد کردووە وە ئەو شتانەشیان لابردوە کە لە دژی بەرژەوەندی خۆیان بوون، بۆ نمونە زۆر لە ئایەتەکان وشەی (نصارا)یان لە پاڵ وشەی یەهود زیادکردوە واتە لە تەنیشت یەکەوە نوسیویانن بۆ ئەوەی هێما بە نەصرانیەکان بکەن کە ئەوانە مەسیحیەکانن، ئەوەش بە مەبەستی شاردنەوەی مێژووی قورئان وبنچینەکەی کە



نەصرانی عیبریە ئەنجامیان داوە، ئەوەش فێڵێک بوو کە موسلمانەکان بە درێژای ١٤٠٠ سال تێی کەوتوون، لەبەر ئەوە هەموو کات ئەوە ئەڵێنەوە کە نەصرانیەکان مەسیحیەکانن وە هەر لەبەر ئەوەشە کە لە قورئاندا وشەی مەسیحیەکانی تیدا نابینیت.

مەسیحیەکان هەرگیز بەناوی نەصرانیەکانەوە ناوزەد نەکراون، تەنها لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینیدا نەبێت. موسلمانەکان تەنها کەسانێکن لە مێژوودا کە ناوی نەصرانیان لە مەسیحیەکان ناوە، هەموو ئەوەش بۆ دەستکاری و ساختەکردنی مێژووی ئیسلام و




ونکردنی بنەچەی مێژووی قورئان ئەنجامیان داوە.

ئەو بەڵگانە چین کە هۆزی نەصرانیەکانن لە باکوری سوریا وە هەروەها لە ناوچەی (بتراء) ی ئەردەن دەقەکانی یەکەم قورئانیان نوسیوەتەوە؟

لێرەدا بەڵگەی مێژوویی و زمانەوانی و جوغرافیایی زۆر هەن لە ناوەوە و دەرەوەی قورئان، ئەتوانین ئەو بەڵگانە لە حەوت بەشدا کۆبکەینەوە .

بەڵگەی یەکەم: پاشماوە و شوێنەواری هۆزی قورەیش و تایەفەی نەصارا لە باکوری سوریا

بەڵگەی دووەم: جۆری نووسینی خەتی قورئان وە مێژوەکەی

بەڵگەی سێهەم: عەقیدە و شەریعەتەکانی قورئان

بەڵگەی چوارەم: زمانی قورئان

بەڵگەی پێنجەم: دەربڕینی قورئان

بەڵگەی شەشەم: ئامۆژگاری و چیرۆکەکانی قورئان

بەڵگەی حەوتەم: ژینگە و جوغرافیای قورئان

...............

بەڵگەی یەکەم: پاشماوە و شوێنەواری هۆزی قورەیش و تایەفەی نەصارا لە باکوری سوریا

نەصرانیە عبرانیەکان لەو کاتەدا کە لە سوریا و لوبناندا بە درێژایی زیاتر لە شەش سەدە ژیاون، ئاسەوارێکی زۆریان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتووە، بەتاییەتی نەصرانیەکان بە شێوەیەکی چرو پڕ بوونیان هەبوە لە شاخەکانی لاذقیە و باکوری سوریا و باشوری تورکیا کە شاری ئەنتاکیا کەمینەیەکی نەصرانی و یەهودیەکی تا ڕادەیەک زۆری تیادا دەژیا. لە کاتێکدا کە بەشێوەیەکی ورد لە نەخشەی باکووری سوریا ئەکۆڵینەوە، سەرمان سوورئەمێنێت لە بوونی زۆری لادێ و ناوچەوە کە بەناوی عبریەوە ناونراون، بۆ نمونە ناوی لادێ و ناوچە مێژوویی ئەبینین وەکوو قەلای صەهیۆن، دێی یەهودی، دێی عازاریا، چیای ثناخ، دۆلی جەهەننەم، قەلای بەنی ئیسرائیل، چیای بەنی موسا، چیاکانی نەصارا، دۆلی نەصارا، گوندی ئەنصار، گوندی الناصریە.

لە پەیوەند بە شوێنەوارەوە، مێژوو نووسەکان شوێنەوارێکی زۆریان لە هەموو ناوچەکانی سوریادا دۆزیوەتەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی جۆلان وەکوو کلێساکان وە پاشماوەی ماڵەکان کە لەسەر دەرگاکانیان بە وێنە و نیشانەی دینی نەصرانی نەخشێندراون.

**ئایا هۆزی قورەیش بەڕاستی هۆزێکی شامیە لە باکوری سوریادا؟**

بە پێچەوانەی ئەوەی کە ریوایەتە ئیسلامیەکان پروپاگەندەی بۆ ئەکەن، هۆزی قورەیش، هۆزێکی شامیە و هیچ پەیوەندی نییە بە مەککەوە، هۆیەکەشی ئاسانە ئەویش ئەوەیە کە لەبەرئەوەی مەککە و بتەکانی و جاهیلیەکەی بونیان نەبووە لە کاتێکدا کە قورئان لە سەرەتای سەدەی 7 زاینیدا سەری هەڵداوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا لە شاری مەککە هیچ شوێنەوارێکی لێ نییە وە نە پاشماوەی هۆزی قورەیش وە نە هی مەککەی کۆن وە نە خانوەکان و نە پەرستگاکان و نە بتەکانی جاهیلی.

**ئایا دەستنوسی مێژوویی**

**هەیە کە باس لە هۆزی قورەیش بکات؟**

لەراستیدا هەندێک نیشانەی مێژوویی هەیە، بۆ نموونە مێژوونووسی سریانی (نەصرانی النصیبی) لە نزیکەی ساڵی ٤٨٠ زاینیدا نووسیویەتی کە قورەیش هۆزێکی عەرەبیە و لە شام دەژین وە هەڵدەستن بە داگیرکردنی دراوسێکانیان و وە هێرش بۆسەر قافلەکان لە دەوروبەری بیابانی سوریا لە باشوری دیمەشق دەبەن.

قورەیشیەکان چ دینێکیان هەبووە؟ وەکوو هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵات، دینی قورەیشیەکانیش (وثنی) واتە بت پەرستی بووە، پەرستنی بتەکان کە نوێنەرایەتی خوای (آلهة) جۆراوجۆری ئەکرد وەکوو مانگ و رۆژو ئەستێرەکان، بەڵام بت پەرستی عەرەبەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا لە کۆتایی سەدەی چوارەمی زاینیدا لە دوای ئەوەی دینی مەسیحیەت دەستی کرد بە بڵاوبوونەوە لەناو هاوڵاتیاندا وردە وردە لەناو چوو.

لە سەرەتای سەدەی 5 زاینیدا عەرەبی شامیەکان مەسیحیەتیان هەڵبژارد، بە تایەفە جیاجیاکانیانەوە وەک یەعقوبی و کاثولیکی و نیستووری، دوای ئەوەی بوون بە مەسیحی وڵاتی شام و فەلەستین و عێراق لە بنیاتنانی کەنیسەو پەرستگای قەشە مەسیحی ونەصرانیەکاندا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

لەناو پەرستگا نەصرانی و مەسیحیەکاندا قەشەی رۆشنبیر هەبوون وە زانیاریان هەبوو لەسەر کتێبی پیرۆز(کتاب المقدس) وە وەشارەزاییان لە زمانەکانی عەرەبی و سریانی و عیبری هەبوو و قسەیان پێ ئەکرد. قەشەکان رۆڵێکی گرنگ و سەرەکیان بینی لە بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت و نەصرانی لەناو هۆزەکانی عەرەبە غەساسنەکان و قورەیشیەکان لە شام دا.

**هۆزی قورەیش دوای ئەوەی بوون بە مەسیحی چیان بەسەرهات؟**

دوای ئەوەی کە بوون بە مەسیحی لە سەدەی شەشەمی زاینیدا، قورەیشیەکان ژیانی خێڵەکی و هێرشکردنە سەر و داگیرکردنی قافڵە بازرگانیەکانیان وەلاناو لە دەوروبەری بیابانی سوریادا و دواتر لە باکوری کەنار دەریای سوریا لە ناوچەی لاذقیەدا جێگیر بوون، لەوێ لە باکوری سوریادا قورەیشیەکان ئەو فرسەتیان قۆستەوە کە نزیکن لە بەندەری دەریای ناوەراستی وە دەستیان کرد بە بازرگانی ئەو شتومەکانەی کە بە بەندەرەکاندا تێ ئەپەرین وە دابەش کردنیان لە عێراق و حیجازو یەمەندا. لە قورئاندا ئەوە ئەبینین کە قورەیشیەکان ئالوگوریان بەسەردا هاتووە لە وەزعیەتێکی داگیرکاری و برسی و ترسان بۆ وەزعیەتێکی بازرگانی و هاتووچۆ و ئاساییش کە دوای بوون بە مەسیحیەت بە دەستیان هێنا.

وەك ولە سورەتی قورەیشدا ئاماژەی پێ داوە:




(لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ (1) إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ (2) فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ (3) الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ (4)).

سەرنج ئەدەین لێرەدا کە نووسەری قورئان بە ئاشکرا داوا لە قورەیشیەکان ئەکات کە خوای ئەو ماڵە بپەرستن (فليعبدوا رب هذا البيت) واتە خوای پەرستگای یەهوودیەکان، ئەم بیر هێنانەوەیە (فليعبدوا رب هذا البيت) بە پەرستگای یەهودیەکان، نەصرانیەکان بە هەرمەرکی ئەوەیان لە قورئاندا نەنوسیووە. پەرستگای یەهوودی ئەوە دەڵی بانگەوازی نەصرانیەکانە کە خولیای دروستکردنی پەرستگا بوون لە قودس. ئەو ئاماژە سەرپێییەی کە لە قورئاندا پێکراوە وە گرنگیشە، کە بەڵگەیەکی جوانە لەسەر ئەوەی کە نەصرانیەکان چاوەڕوانیان لە عەرەبە قورەیشیەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی شەریان لەگەڵ بکەن بۆ داگیرکردنی فەلەستین.

ئایا شوێنەوار و پاشماوەی مێژووی هەیە دەری بخات کە قورەیشیەکان و تایفەی نەصارا لە باکوری سوریا لە پاڵ یەکترا ئەژیان و دراوسێی یەکتر بوون؟

لە باکوری سوریادا هەندێک پاشماوەی قورەیشیەکان هەیە وەکوو پاشماوەی ئوتێلی کۆن کە ناونرابوو بە (خان الجوز) خانی گوێز، بەڵام لە نەخشەی مێژووناساندا پێی ئەوترا خانی قورەیشی کە لە نزیکیا روبارێکە لە دووری 30 کم لە باکووری رۆژهەڵاتی لاذقیە هەروەها ئەویش ناوی رووباری قورەیشیە. هەروەک چۆن لە باکووری سوریادا جۆرەها ناو بوونی هەیە کە ناوی ئەو شوێنانەمان بیر ئەخاتەوە کە لە مەککەی حیجازی بوونیان هەیە، بۆ نموونە هەندێک ناوچە لادێ ئەبینین کە هەڵگری ناوی وەک (بیت معکب، ابو قبیس، ابو کعب). بە بۆچوونی هەندێک مێژوونووس هەندێک لەو ناوانە لە باکوری سوریاوە بۆ حیجاز گوازراونەتەوە کاتێک لەسەر دەستی ئەو خەلیفەیەی کە لەدژی دەسەلاتی ئەمەویەکان بوو (عبدولای کوری زوبەیر) لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمدا مەککە دروست کراوە.

ئاماژە بە ئەوە ئەدەین کە قورەیشیەکان شتێکی گرنگیان لە شام بەجێ هێشت ئەویش ناوی ئەو خێزانانەیە کە وشەی قورەیشی تیایە وەکو بنەماڵەی القورەیشی.

**نەخشە**

**پاشماوەی نەصرانیەکان لە شام – ناوی یەهودیەکان**

نەصرانیەکان لە پاش خۆیان لە باکووری سوریا زۆرێک لە شوێن و پاشماویان بەجێ هێشتووە کە هەڵگری ناوی عبری و یەهودین وەکوو (قلعة صهيوني، قرية اليهودية، قلعة بني اسرائيل، جبل التاناخ، جبل بن يعقوب).

بەڵگەی دووەم: خەتی قورئان و مێژووەکەی

دەرکەوتنی خەتی قورئان و ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەریدا هات بە جوانترین بەڵگە دائەندرێت لەسەر ئەوەی کە قورئان لە وڵاتی شام سەری دەرهێناوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کۆنترین قورئان (مصحف) کە بوونی هەیە ئێستا وەک مصحەفی پاریس و سەنعاء کتوپر لە شام سەری هەڵدا، وە سەیر لەوەدایە کە ئەو مصحەفانە یەکەم کتێبی عەرەبین لە مێژوودا. پێش قورئان لێکۆڵەروان هیچ دەقێکی عەرەبی نوسراویان لەسەر کاغەز نەدۆزیوەتەوە، نە کتێب نە لاپەرەیەک نەهیچ شتێک.

قورئان لە پردا دەرکەوت کەبە خەتێکی پێشکەوتووی تازە نووسراوە کە پێشتر نەزاندرابوو، ئەو خەتە زاناکان ناویانا خەتی عەرەبی باکور یان خەتی حیجازی. قورئان لە پرا دەرکەوت، وەک ئەوەی لێزنەیەک لە شارەزایانی چیرۆکەکانی تەورات وە بە تەقنیەی نووسینەوە بڕیاریاندا کە بە خەتێکی تازە و بە زمانێکی تازە بینووسنەوە.

لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینیەوە مێژونووسان کۆمەڵێک نەخش و نیگاری زۆریان دۆزیەوە لە شام کە وێنەیەکی ئاشکراو ورد ئەدەن بەدەستەوە بۆ ئاشکرابوون و پێشکەوتنی خەتی قورئانی حیجازی کە بە پێتی نەبەتی (نبطی) دەستی پێ کرد لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا وە دواتر لە عربی نەبەتی(نبطی) لە سەدەی شەشەمدا وە لە کۆتادا خەتێک کە نزیکە لە خەتی قورئان لە سەدەی حەوتەم دا، وە کتوپڕ خەتی قورئانی حیجازی لەگەڵ دەرکەوتنی مصحەفەکانی سەرەتایی لەسەر شانۆی مێژوو دەرکەوت، ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە هەموو ئەو نەخشە مێژووییانەی خەتی قورئان، زاناکان لە کەنیسە و پەرستگاکانی مەسیحی و نەصرانیەکاندا دۆزیویانەتەوە.

دوای لێکۆڵینەوە لە ژینگەی مەسیحی و نەصرانی وە پێشکەوتنی کتوپڕی خەتی قورئان لە شام، بۆچوونێک لەلای مێژوونووسان دروست بوو وە دڵنیابوونەوە لەوەی کە قەشەی نەصرانیەکان توانیویانە ئەو خەتە گەشە پێبکەن، کە لە خەتی نەبەتی(نبطی) عەرەبیەوە دەستیان پێ کرد کە لە شامیش بەکار ئەهات.

**بۆچی دڵنیان لەوەی کە قەشەکان خەتی قورئانی حیجازیان پێش خستووە نەک خەڵکی تر وەک شاعیرەکان؟**

مێژوونووسان ئەڵێن کە قەشە نەصرانیەکان دەیان ساڵ لە پەرستگاکانی شامدا ژیاون، ئەوان تەنیا کەسانێک بوون کە کاتی تەواو و رۆشنبیری دینی وە شارەزایی پێویستیان لە نووسیندا هەبوو و لە توانایاندابوو پەرە بە خەتی دینی تازە بدەن وەکوو خەتی قورئان. پەرەپێدانی خەت و نوسینی کتێبی ئاینیی تازە لەسەر دەستی قەشەکان لە مێژووی هەموو دینەکان لەلایەن مێژوونوسانەوە ئاشکرا وناسراوە.

بۆ نمونە ئەوە قەشە مەسیحیەکان بوون کە خەتی ئەثیوبیان یان خەتی حەبەشی لە سەدەی چوارەمی زاینیدا بە تێکەڵاوکردنی خەتی یونانی و خەتی سەبەئی داهێناوە و گەشەیان پێداوە.

نمونەیەکی مێژوویی تر، ئەو خەتی سیریلیکیەیە کە لە وڵاتی روسیادا بەکار هاتووە، دوو قەشەی مەسیحی کە ئەوانیش (سیریل و میتودوس) بوون لە سەدەی نۆهەمی زایینیدا بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت لەناو خەڵکی روسیادا گەشەیان پێ دا.

کەواتە شتێکی سروشتیە کە قەشەی نەصرانیەکان لە پەرستگاکانی شامدا پەرە بە خەتی قورئان بدەن لە دەستپێکی خەتی عەرەبی نبطی. خەتی عەرەبی نوێ واتە خەتی قورئان دەرفەتی نووسینەوەی ئامۆژگاریەکان و چیرۆکەکانی تەوراتی پێدان بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نەصرانی لە نێو دراوسێکانیاندا واتە لە نێو عەرەبی شام کە خۆیان خاوەنی کتێب بوون وە بە زمانی سریانی نەک بە زمانی دایکیان واتە بە عەرەبی نوسرابوو...

**ماوەیتی**

**سەرچاوەکان:**





## ئاین خۆی سەرچاوەو پاڵنەرو هاندەری توندرەفتارییە واتا ئاین وتیرۆر دژی یەک نین، بەڵام هەردوکیان لەسەر تەوەرێك دەخولێنەوەو یەکتری بەرهەمدەهێننەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کە هەم ئاینەو هەم تیرور، هەربۆیە دروشمی ئیسلامی سیاسی بەگشتی هەڵگری توندوتیژیە نەك ئاشتی و گفتوگۆ " (لاحیات بدون سیف)

## دیمانە لەگەڵ عومەر محەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان- کە تایبەتە بەتاوانی ئەنفالو جینۆساید سەبارەت بە جینۆسایدی خەڵکی شەنگال...

**بۆپێشەوە :رۆڵی ئەمریکاو غەرب و وڵاتانی ناوچەکە، لە پەیوەند بەداعشەوە چۆن دەبینن؟**

**عومەر محەمەد:** دونیای عەرەبی شڵەژاو و بێ سەواد ماوەتەوە، بەرلەوەی دنیا یەک جەمسەر ببێەوە دونیای عەرەبی بەهۆی ئەوەی ئایدۆلۆژیاو ئاین باڵی بەسەردا کێشاوەو بێ ئەڵتەرناتیڤ ماوەتەوە، شۆڤێنیزمی عەرەبی زەمینەیەکی لەباری بۆ رەخسا جارێکی تر دەمەزەردی بیری کۆنەپەرستی بکاتەوەو بەناوی ئیسلام و پیرۆزی ئیسلامەوە رەوایەتی بەتوندوتیژی بداتەوە، یەکێک لەهۆکارەکانی بەهێزبوونی قاعیدەو هێزە تیرۆرستییەکان لاوازی حکومەتە عەرەبییەکان و بروانەبوونیانە بە مافی هاوڵاتی و نەبوونی فەزایەک بۆ بیروڕای ئازاد، من وای بۆ دەچم جیهانی عەرەبی هێندەی تاکی لەگۆشەیەکدا قەتیس وبەند کردووە کەجگە لەئاین هیچ پەنجەرەیەکی بۆ روانین نەهێشتووەتەوە هەتا تاک بتوانێت دونیایەکی تر ببینێت. ئەو هێزانەی لەدونیای عەرەبیدا لەمەیدانن بەگشتی ئەوانەن کە بروایان بەوەیە لەرێگەی هێزو زەبروزەنگەوە دەتوانن (حەق بەدەست بهێنن) گرفتی سەرەکیش لەوەیە کەحەق لەلای ئەوان موتەڵەقەو یەک واتایەو حەق لای ئەوان ئاینە لەکاتێکدا دەبێت خودی ئاین ئامرازی بەدەستهێنانی حەق بێت کەچی لەو دونیا جەنجاڵەی ئیسلامی سیاسیدا ئامانج نارونە تەنانەت نەئاینە و نە عەدالەت، بەڵکو ئامانج لایان بووەتە خودی توندوتیژی و تیرۆر لێرەدا لەبەردەم پرسیارێک رادەوەستین تیرۆر و زەبرو زەنگ لەپێناوی چیدا؟ ئەگەر موفتییەک پێم بڵێت لەپێناوی ئاینی خودادا دەبێت پرسیاری لۆژیکی دژیش ئەوە بێت ئەی ئاین لە پێناوی چیدا؟ داعش لەمنداڵدانی ئەلقاعیدەوە دێت و بەهەمان ئەندازە توندوتیژی و توندڕەوی ئاینی بەکاردەهێنێت؟ گەورەترین ئالۆزی ونالۆژیکی ئەوەیە کە ئەوان ئیدیعای ئەوە دەکەن توندوتیژیان لەپێناوی ئایندایە ئاینیش پەیامی ئاشتییە لەکاتێکدا ئاین خۆی سەرچاوەو پاڵنەرو هاندەری توندرەفتارییە واتا ئاین وتیرۆر دژی یەک نین، بەڵام هەردوکیان لەسەر تەوەرێک دەخولێنەوەو یەکتری بەرهەمدەهێننەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کە هەم ئاینەو هەم تیرور، هەربۆیە دروشمی ئیسلامی سیاسی بەگشتی هەڵگری توندوتیژیە نەک ئاشتی و گفتوگۆ " (لاحیات بدون سیف) یان بەرزکردوەتەوە و بڕوای تەواویان بە بەکارهێنانی هێزە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا نەک بەڕێگەچارەی ئاشتیانەو دانوستان". هەربۆیە هەمیشە شوێنکەوتووەکانیان لەسەرئازایەتی و چاونەترسی و دڵڕەقی پەروەردەدە دەکەن و هانیان دەدەن لە هیچ بەدکاری و توندوتیژیی ودڵرەقییەک سڵ نەکەنەوە و بەردەوام ئەمەشیان وەک موجاهیدی باش وجەنگ لەپێناوی حەقدا بەگوێدادەدەن. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئاین و ئایدۆلۆژیا لەسەربنەمای تەفسیری تاک موفتی ومەلاو بیریارو زانایانی ئاینی وەستاوە، دەنا ئاین بواری ئەوەشی تێدایە بۆ ئاشتی بەکاربهێندرێت هەرئەوەی کەسێک بۆ توندوتیژی بەناوی بەهەشتەوە هاندەدرێت موفەسیرێک و موفتییەک دەتوانێت بەناوی ترسان لەدۆزەخ و سزای ئاگری دۆزەخ ئەو شوێنکەوتووە توڕەو دڵرەقانە رابگرێ و ڕێگەی توندوتیژییان لێ بگرێت. ئەگەر موفتیەک هانی سەربازان و جەنگاوەرانی سوپایەک بدات و بەرەی نەیار تەکفیر بکات و کوشتنیان بەحەڵاڵ بزانن و پاکتاوکردنیان بەکاری لەپێشینەی خۆیان ببینن دەشێت هەمان ئەو جەنگاوەرانە بەدیوەکەی تردا ئاراستە بکەن و کوشتن وپاکتاوکردنی نەیارەکانیان تەکفیر بکەن و بەحەرامی بزانن و توندوتیژیان بە دەرچون لەئاین بزانن وپێیانبڵێن بەئاگری دۆزەخ دەسوتێن ئەوا رێژەی توندوتیژی بەئەندازەی بەرچاو کەمدەبێتەوە. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەم تەفسیرە لەدونیای ئیسلام و دونیای عەرەبیدا ئامادە نییە .



ئەم دۆخ ودونیا بۆ ئەمریکاو وڵاتەزلهێزەکان زەخیرەیەکی هەمیشە ئامادەی جەنگە، ماتریالێکی ئینسانی زۆر گەورەیان لەبەردەستدایە بۆئەوەی لەهەر کوێیەکی دونیای ئیسلام و دەوڵەمەند بەکانزاو نەوت وگاز بهێننە مەیدان و ئاگری جەنگ هەڵبگیرسێنن و سەرزەمین بکەن بەدۆزەخێکی راستەقینە بۆ هاونیشتمانیانی ئەوناوچانە (سوریا) باشترین نمونەیە، تورکیا بەهەمان شێوە، تەنها کەسێک بەسە ریش بەربداتەوەو بەپشتیوانی و باربۆی ئەمریکاو وڵاتە زلهێزەکان بیهێنن و ناوی ئەمیرو خەلیفەی بۆ داتاشن ولەشکرێکی بێ مەعریفەو هوشیارو توڕەوتەنگاوی مەحرومی بخەنە دواو ئاگر لەهەر ناوچەیەک بەربدەن کە بەرژەوەندییانی تێدایە، ئەوەش ڕونە جەنگ مەودایەکی فراوان دەکاتەوە بۆ هەڵلوشینی سامانی هاوڵاتیان لەلایەن دەسەڵاتدارە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە. پەیوەندی داعش و ئەمریکاو خۆرئاوا ئەگەر راستەوخۆش لەلایەن خەڵکەوە نەبیندرێت و ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانەش بەهەند نەگیرێن کە دزە دەکەنە ناو دەزگاکانی راگەیاندنەوە تەنها بێدەنگی لەتاوانەکانیان بەسە بۆئەوەی دونیای بەناو دیموکراسی پێ ریسوا بکرێت هەموو ئەوروپا دەزانن ئەردۆگان پشتیوانی بەهێزی رێکخراوی تیرۆرستی داعشە، بەلام لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێدەنگی لەهەموو پشتیوانیەکانی تورکیا هەڵدەبژێرن و بە خوێنساردییەوە تەماشای کوشتاری خەڵکی سوریا دەکەن و چاوەروانی روداوەکانن. وابزانم سەناتەکانی ئەمریکا یەکێک لەوانە ئۆلبرایت نەیشاردۆتەوە کە ئەمریکا هاوکاری دروستکردنی داعشی کردووە، بەڵام دواتر کەزانیان ئەو ئۆپۆزیسیونە ئیسلامیە توندرەفتارەی لە سوریا پشتیوانیان کردووە داعشی لێ بەرهەمدێت، بەڵام ئەسەدیان بۆ ناروخێنێ و کێشە بۆبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست دەکەن .. رەنگە گرنگترین پرسیار ئەوە بێت داعش چۆن هەڵتۆقی وچۆن لەگەڵ دروستبوونیدا هێزی ئەوەی هەبوو شارو پارێزگاکان بگرێت وهێزەکانی بەردەمی راماڵێ ؟

**بۆپێشەوە: دەوترێت پارتی خەڵکی شەنگالی تەسلیمی درندەکانی داعش کرد، ئەویش بەرپرسیارە لە جینۆسایدی یەزیدیەکان... لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عومەر محەمەد:** ئەوەی نەپارتی و نە خەڵکیش ناتوانن نکۆڵی لێ بکەن، ئەوەیە کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان مەیدانی روبەروبوونەوەیان چۆڵکردووە، بە واتای ئەوەی داکۆکییان لەو خەڵکە هەژارو بێچەکە نەکرد، جائەو هەڵاتن و مەیدان چۆڵکردنە بەبریاری پارتی بووبێت قسەیەکەو هەڵاتن وبەزینی فەرماندە سەربازییەکانیشیان بووبێت قسەیەکی ترە، لەهەردو حاڵەتەکەدا پارتی بەرپرسە لەو کۆمەڵکوژییە، بەلای کەمەوە بەشێکی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەرئەوەی هێزەکانیان لەوێ بەئەرکی خۆیان هەڵنەستاون و بەرگرییەکی کورتخایەنیشیان نەکردووە، هەتا دەرفەتێک بۆ مشورخواردن و هەڵاتنی خەڵکی شەنگال دەستەبەربکەن، جا ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین هێزەکەی داعش لەگەڵ ئەو هێزەی پارتی نابەرابەریش بووبێت و دەبەرانبەری لەشکرەکەی پارتی زیاترو بەهێزترو پڕچەکتریش بووبن خۆ دەیانتوانی چەند سەعاتێک پێشڕەوی چەکدارانی داعش خاوبکەنەوەو بەو خێراییە نەگەنە ناوشەنگال؟ گریمانەی ئەوەش بکەین بەبریاری سەروی خۆیان نەکشاونەتەوەو بەبریاری فەرماندە مەیدانیەکانی پێشمەرگە کشانەوەکە رویداوە خۆهەتا ئێستا هیچ ئەفسەرو فەرماندەیەک بانگهێشت نەکراوە بۆلێپێرسینەوە ئەوە سەرباری ئەوەی لیژنەیەکیش بۆ لێپێچینەوەیان ئامادەکراو راگەیەندرا کەوا لێپرسینەوە لەو فەرماندانەو بەرپرسی لقی شەنگالیش دەکەن؟ بەلام هێشتا هیچ لەوانە نەکراون. خاڵێکی تر دەبێت هەموومان بپرسین ئەی لایەنی هەواڵگری ئایا ئەوان هیچ جموجۆڵێکی داعشیان هەست پینەکردبوو؟ هەموو ئەمانەو راپۆرتەکەی یوئێن کە باس لەبەجێهێشتنیان دەکات و ئاماژە بەوەش دەکات کە هێزەکانی یەپەگە توانیویانە ئەو ئێزدییانە بپارێزن کە لەدەستی داعش هەڵاتبوون.

**بۆپێشەوە: هۆکاری سەرەکی چییە کەخەڵکی کوردستان، ماوە نا ماوە رووبەرووی کارەسات و کوشتاری بەکۆمەڵ دەبێتەوە؟ رێگا چارەی بەرگرتن بە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتانە چۆن دەکرێت؟**

**عومەر محەمەد:** سەرەتا دەمەوێت ئەوەت بۆ راستبکەمەوە کە لەروی زمانەوانی و فەرهەنگی سیاسی و واتای راستەقینەی ئەو تاوانە گەورانە وشەی (کارەسات) بۆکوشتاری بەکۆمەڵ وجینۆساید لەجێگەی خۆیدا نییە، چ

لەروی زمانی میدیایی و چ لەروی یاساییەوە وەها دەستەواژەیەک بۆ ناسینی جێنۆساید ناتەواوەو مەغزای سۆزداری هەیە نەک قانونی و سیاسی، لەبەرئەوەی جێنۆساید بۆخۆی نیازو دەرئەنجامێکی سیاسییە، تەنانەت ئەگەر هێشتا تەنها نیازیش بێت و نەچوبێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەتاوانکاری نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێت، هەرگیز جێنۆساید کردەیەکی عەفەوی و بێ پلان نیە، هیچ کۆمەڵکوژییەک بەبێ سیاسەت وپلان و بەبێ باگراوەندێکی فیکری شۆڤێنیستی بەرێوەناچێت و ناگاتە ئامانج، ئەگەر کۆمەڵکوژییەک یاخود بەکۆمەڵ مردنێک روبدات بەهۆی روداوی سروشتییەوە (لافاو، بۆمەلەرزە، ئاگرکەوتنەوە، وەرگەرانی شەمەندەفەرێک) ئەوە لەجێنۆساید جیادەبێتەوەو دەبێتە روداوێکی سروشتی خەمهێنەری دەستەجەمعی و رێک ئەوەیە کە گونجاوە ناوی کارەساتی لێبنێین، بەڵام ئەم جۆرە مردنە دەستەجەمعییە لەبەرئەوەی بکەری نییەو جەلادی نییە ناتوانیت کەسی لەسەر سزابدەیت و دادگایی بکەرەکەی بکەیت ناتوانین وەک تاوان تەماشای بکەین، بەلاّم ئایا جێنۆساید وایە جەلادو بکەری نییە؟ پلان دانەرو جێبەجێکاری نییە؟ بێگومان بەڵێ بەکورتی لەبەرئەوەی جێنۆساید تاوانی گەورەی نێونەتەوەییە دەبێت وەک خۆی بیناسێنێت، نابێت لەقەوارەی تاوانەکە کەم بکەیتەوە هەروەک ناتوانیت لەقەوارەی خۆشی گەورەتری بکەین .

بۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە : هوکاری سەرەکی هەر فاشیزم و پاشخانی فیکری دەوڵەتە ستەمکارو کۆنەپەرستەکانە، لەبەرئەوەی هیچ کام لەم دەوڵەتانە بروایان بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەو پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و گەلان نییە، یەکێکی تر لەهۆکارەکان بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەو دەوڵەت زلهێزەکانی دونیایە، لەبەرئەوەی ئەو سەر زەمینەی کوردی لەسەر دەژی دەوڵەمەندە بەکانزاو بەتایبەتیش بەنەوت وگاز ئەمەش چاوی دونیای لەسەرەو هەر لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە دابەشکاری ئەم ناوچەیەو دروستبوونی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای ئەم بەرژەوەندیانە بووە، لەدوای هەردوو ئیمپراتۆرییەتی ساسانی وعوسمانی هەریەک لەو دولەتانە وەک پاسەوانی بیرە نەوتەکانی ئەمریکاو بەریتانیا خۆیان نواندووەو دەوڵەتی سوریاو عێراقیش نوێنەرو پاسەوانی روسیا بوون، بۆیە ئەو دەوڵەتانە هەرچییەکیان دەرهەق بەکوردەکان کردبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک کێشەی ناوخۆیی یاخود بەپاساوی کێشەی ناوخۆیی چاویان لەهەموو پێشێلکارییەکی دەوڵەتەکانی (عێراق – سوریا- ئێران و تورکیا) پۆشیوە. بۆنمونە لە سەروەختی ئێران وعێراقدا کاتێک عێراق پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پێشێل دەکرد و گازی کیمیایی لەدژی سوپای پاسداران بەکاردەهێنا لەبەرئەوەی دەوڵەتە زلهێزو بریار بەدەستەکانی (ناو ئەنجومەنی ئاسایش) ئەوانەی پێیاندوترا پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە هەموویان دژی ئێران بوون و چاویان لەهەموو پێشێلکارییەکی عێراق دەپۆشی و جاربەجاریش بالانسی شەرەکەیان بۆ رادەگرت و هەرکات ئێران پێشرەوی بکردایە ئەمریکاو ئەلمانیاو فەرەنسا بەشێوەیەک لەشێوەکان بەهانای عێراقەوە دەچون و گڵۆپی سەوزیشیان بۆ دادەگیرسان پێشێلی یاساکانی جەنگ بکات. بۆنمونە ساروخی زەمین بەزەمینی بەتارانەوە دەنا کە خەڵکی مەدەنی زۆری تێدا دەژیا بەگازی خنکێنەر شارەکانی ئێرانی بۆمباران دەکردو خەڵکی مەدەنی دەکوژران، بۆنمونە لە سەردەشت و نۆدشەو پاوە بەگازی کیمیایی خەڵکێکی زۆری مەدەنی کوژران وبریندابوون ئەمانە پێشێلکاری پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بوون و ئەنجومەنی ئاسایش ئەگەر قسەشیان بکردایە دۆسێکەیان دەخستە ئەگەرو گریمانەوە کاتێکیش عێراق ئەم بێدەنگیەی بینی لەگەڵ کوردەکانیش هەمان ئەو پێشێلکاریانەی کرد، نەک هەر لەدژی پێشمەرگە لەدژی خەلکیش هەروای کردو کەسیش قسەی نەکرد بەپاساوی ئەوەی کێشەی عێراق و کوردەکان کێشەی ناوخۆییە. هۆکارێکی تری نەبوونی دەوڵەتە دەوڵەت دەتوانێت کوردەکان لە جێنۆساید بپارێزێ وەک چۆن ئیسرائیل جووەکان دەپارێزێ لێرەدا دەزگای دەوڵەت وەک یەک ئامانج باس دەکەین دەنا من بۆخۆم دژی دەوڵەتم بۆ هەموو نەتەوەکان، چونکە دواجار دەوڵەت کۆتایی بەچەوسانەوەو نادادی ناهێنێ بەڵکو بۆخۆی خولقێنەری نادادی و داهێنەری یاسایەکە کە پارێزەری نادادییە نەک دادپەروەری، بەلاّم دەوڵەت دەتوانێت کیان وکلتورو مرۆڤەکانی لە قرکردن وسرینەوەی شوناس بپارێزێت. هەلبەت رێگەیەکی تریش هەیە ئەویش دیموکراسییەت و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانە من بۆخۆم هەرگیز نەتەوەکان بەدژو دوژمنی یەکتر نازانم ئەوەی ئەم دژایەتیە نیشاندەدات و وێناوی دەکات تەنها دەسەلاّت ودەوڵەتە کۆنەپەرستەکانن، دەنا هەرگیز هاولاتیانی کوردو عەرەب وتورک وفارس دوژمنی یەکتری نین و ئەوەی خۆیانیان بەیەکتر حەلاّل دەکات و جەلادو قوربانی دیاری دەکات دەوڵەتی ستەمکارو دەسەلاّتی فاشیزمە نەک خەڵک.

گرنگترین بەربەست نە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانن، نە بەهانەوەهاتنی نێودەوڵەتیشە، بەڵکو باشترین رێگەی کۆتاییهێنان بەجێنۆسایدی کورد (تەنها باسی کورد دەکەم نەک گەلانی تر) ئەزمونە سەرکەوتووەکەی رۆژئاوای کوردستانە ( ئیدارەی سەربەخۆ، پێکەوەژیان ، ئیرادەی تاک و کۆ سیاسەت و جەنگ وماف وئەرکی یەکسانی نێوان ژن وپیاو) من رۆژئاوام نەدیوە، بەلاّم ئەوەی دەربارەی خوێندومەتەوەو بەپێی قسەی ئەو هاورێیانەم کە سەردانیان کردووە لەهەموو روییەکەوە ئێستا ئاستی بژێوی لە رۆژئاوا باشترە لەو ناوچانەی لەبن دەستی ئەسەدو دەوڵەتدان، تەنانەت دوو هاورێم ئاوایان نوسیوە رۆژئاواو ناوچەکانی تری سوریا وەک ئەوەیە دوو ولاّتی تەواو جیاوز بن) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەوا رۆژئاوا هیچ دانپیانانێکی فەرمی و نێودەوڵەتی نییەو هێشتا لەژێر هەڕەشەی دوژمنەکانیدایە، بەلاّم کیانێکی جێگەی سەرنج وهاوکات جێگەی شانازیشە لەکاتێکدا بەعسیەکان هێشتا دەوڵەت وسیادییەی دەوڵەتیان بەدەستەوەیەو شەرعیەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەیەو دەستبەرداری خەون و نیازی جێنۆسایدی کوردەکان و نەیارەکانیشیان نەبوون، میلیشیای ئێرانی، عێراقی و لبنانی و سوپای روسەکانیش شەری بۆ ئەکەن تورکەکانیش هەروەها دژی ئەو قەوارەیەن کەچی ناتوانن بیخەن و خەڵکەکەی جێنۆساید بکەن. بیرمان نەچێت ئەگەر قسە لەسەر بەهاو شکۆی مرۆڤە ئەگەر مردنە یان ژیان گرنگە مرۆڤ شکۆمەندانە بژی وبمرێ. ئەگەر نمونەیەکی نزیک بهێنینەوە و بەراوردێک لەنیوان شەنگال وکۆبانێدا بکەین ئەگەر تەنها سەد ژن و سەد پیاو وەک شەرڤانەکانی رۆژئاوا ئامادەباش بونایە هەرگیز تاوانی شەنگال بەوشێوەیە نەدەبوو خواستی فاشیانەی داعش و تورکیا تەحقیق نەدەبوو ئایا بەراست مرۆڤ وەک مەر بچێتە بەردەستی جەلادەکەی وبەکۆمەڵ سەرببردرێت یان وەک شەرڤانەکان شەربکات و بەسەر بەرزی بمێنێتەوە یان بەشکۆوە بژی ؟

بۆ وەلاّمی بەشی دووەمی پرسیارەکەت یەکێک لە هۆکارەکانی رێگرتن لەدوبارە بوونەوەی تاوانی جینۆساید دادگایی کردنی تۆمەتباران و سزادانی تاوانباران و قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتووانە .

هەرلەم مانگەدا رۆژئاڤا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیيان لەمەڕ تاوانەکانی داعش سازدا، بەداخەوە بوارم نەبوو بچم، بەلاّم وەک بیستوومەو هاورێم کەژاڵ حەمەرەشیدیش بلاّوی کردووەتەوە یەکێک لەگرنگترین بریارەکانی ئەو کۆنفرانسە دامەزراندنی دادگایەکی نیودەوڵەتیە لە رۆژئاڤا، ئەمە بۆ لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی هەموو گومانلێکراوانی تاوانی دژەمرۆڤایەتی! زۆر زۆر بایەخدارە لەناو ئەوداعشانەی کە ئێستا دیلن لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراسیەوە بەدڵنیایی تاوانباری گەورەش هەن، کە لە کەمپی هۆل دەست بەسەرن و بەرێوەبەرێتی خۆسەری رۆژئاڤا سەرپەرشتییان دەکات، دیوێکی تریش لەم دۆسییەدا ئەو مامەڵە باش وئینسانییەیە کە بە پێی یاساو پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، کەژاڵ حەمە رەشید نوسیویتی: تەنانەت هەوڵدەدەن ئەو منالاّنەی لەو کەمپانەدان کە تێکەڵ بە تاوان وکوشتارەکانی داعش کراون بیانهێننەوە ژیانێکی ئاسایی و بیرو هۆشیان پاک بکەنەوە لە درندەیی و رەفتارەکانی داعش کە ئەو منالاّنەیان پی گۆشکردوە.

بیرکردنەوە لە دامەزراندنی وەها دادگایەکی نێودەوڵەتی لەرۆژئاڤا هەنگاوێکی زۆر بوێرانەیە لەراستیدا گرنگترین هەنگاوەکانی دەوڵەتدارییە، دادگایەکی هاوشێوەی دادگاکانی رەوانداو تۆکیۆو نۆریمبرگ و یۆگۆسلافیا بۆدادگایی کردنی ئەنجامدەرانی جێنۆسایدو تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی کارێکی لەرادەبەدەر گرنگ و هانگاوێکی گەورەش دەبێت بۆ داننان بە ستاتۆی رۆژئاڤادا بە فەرمی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە.

لەکاتێکدا هیچ کام لەو ولاّتانەی کە هاولاّتیەکانیان داعشن و ئێستا لە رۆژئاڤا گیراون ئامادە نین کە دیلە داعشەکانیان بەرنەوە بۆ ولاّتەکانیان ئیتر دەبێت زەمینەی دادگاییکردنی ئەو داعشانەو دادگایی کردنیشیان فەراهەم بکرێت بۆیە ئەو دادگایە لە رۆژئاڤا زەمینەی دامەزراندنی لەبارەو ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان یارمەتی لۆجستی بدەن و هاوکاری رۆژئاڤابن بۆ دامەزراندنی ئەو دادگایە هەنگاوێکی زۆر کاریگەریش دەبێت بۆ رێگرتن لەدوبارەبوونەوەی تاوانی جێنۆساید.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە تیکشکانی سەربازی داعش، بەمانای کۆتایی هاتنی مەترسی داعش یان هاوشێوەکانی داعشە؟**

**عومەر محەمەد:** هەرگیز تێکشانی داعش بەواتای کۆتایی هاتن نییە بە داعش، جارێ داعش لەروی سەربازیشەوە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو لاواز بووە، بەلاّم باگریمانەی ئەوە بکەین کە داعش وەک هێزی چەکداری نەماوە ئایا وەک فکریش کۆتایی هاتووە ؟ بێگومان نەخێر، بەبروای من جەنگ کۆتایی بەتیرۆر ناهێنێ بەڵکو شکڵ وشێوازەکانی دەگۆرێ، ئەوەی کۆتایی بە فاشیزم دەهێنێت هۆشیاری کۆمەلاّیەتی و دونیابینیەکە کە مرۆڤ دەکات بەسەنتەر نەک ئاین و ئایدۆلۆژیا، دونیای نیولیبرالیزم دونیای کۆتاییهێنان نییە بەتیرۆر، بەڵکو دونیای هێشتنەوەی ماتریالە ئینسانیەکەی فاشیزم وتیرۆرە، چونکە لەبنەرەتەوە نیولیبرالیزم و جیهانگیری سەرمایەداری شکۆو بەهای مرۆڤیان بەلاوە گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە قازانج و بازارە لەدونیای نیۆلیبرالیزمدا بازار سەنتەرە نەک مرۆڤ، بەناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە چاوپۆشی لەهەموو فیکرێکی کۆنەپەرستانە دەکرێت، جەنگ هەڵدەگیرسێنن بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە لەکاتێکدا خەرجی جەنگەکان مرۆڤ لەمەینەتی رزگار دەکات، ئاخر جەنگە ژینگەی تیرۆر دەخولقێنێ، نەک قەلاّچۆی بکات ئەوەی تیرۆر بنەبر دەکات وهاوشێوەکانی داعش دەکاتە کونەوە جەنگ نییە، بەڵکو دادپەروەری و مافی یەکسانی مرۆڤەکانە، ئەوەی مرۆڤ لەروی دەرونییەوە ئارام دەکات دەستەبەرکردنی مافەکانێتی بەپێچەوانەشەوە ئەوەی مرۆڤ شێت وهاردەکات ستەمکاری دەسەلاّتەکانە، بۆیە هەرجارەی داعشێک دەبینین کە بازاری جەنگ گەرم دەکەن و مەیدانی جەنگەکانیش پردەکەن لەلاشەی ئەو مرۆڤانەی کە لەم سەرزەمینە مەحرومترین مرۆڤەکانی نێودونیای بەناو دیموکراسی ومافی مرۆڤن...

**ماڵپەری کوردیو محەمەد کەریم تشرینی دووەم – ٢٠١٦**

http://www.kurdiu.org/index.php/ku/opinion/27637

https://www.awene.com/article?no=3847&auther=74&fbclid=IwAR3v4quGWPO35OhOv8j4XWpbL24its1fXuYRZCTbHUiiDuiH1ZCOEt_2lI0



# داعش دوبارە نووسینەوەی لایەنە ڕەشەکانی مێژوی ئیسلامە بە فۆنتێکی گەورەتر

## دیمانە لەگەڵ کامەران محەمەد ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی، سەبارەت بە جینۆسایدی خەڵکی شەنگال



**بۆپێشەوە: ئەمساڵ پینج ساڵ بەسەر هێرشی دڕندانەی داعش بۆ سەر شەنگال و جینۆسایدی دانیشتوانەکەییدا تێپەر دەبێت، هۆکاری هێرش بۆسەر شەنگال چی بوو؟**

**کامەران محەمەد:** بۆ ئەوەی هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال شەنوکەو بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مانگی ٦ی ٢٠١٤، واتە سەرەتای هاتنی داعش و داگیرکردنی موسڵ، کە دەکاتە دوو مانگ بەر لە هێرشی ئەوان بۆ سەر شەنگال. هەر لەو کاتە چەند میدیایەکی هەرێمی کوردستان، توانیان هەندێک لێدوان لە بەرپرسانی داعش وەربگرن، بۆ نمونە هەفتەنامەی ئاوێنە دیدارێکی لەگەڵ بەرپرسێکی داعشی بە ڕەگەز کورد کرد، کابرای بەرپرس بە ئاشکرا گوتی" کوردستان لە چوارچێوەی ئیمارەتی خەلافەتەکەمان دایە".
ئەمە ئاماژەیەکی ئاشکرا بوو، کە داعش بە نیازی داگیرکردنی کوردستان بوو، لەلایەکی دیکە، هەردوو حزبی دەسەڵاتداری میلیشیایی، لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ داعش هاوڕا نەبوون، پارتی بە ئاشکرا و لە رقی مالیکی، داعشی بە هاوسێیەکی تازە وەسف کرد و هەوڵی دۆستایەتی دەدا، یەکێتیش زیاتر وەکو دوژمن لێی دەڕوانی و داوای شەڕکردنی دەکرد، سنورەکانی پارتی تا ڕادەیەکی زۆر ئارام بوو و کەس بەتەمای شەڕ نەبوو. بارزانی لەگەڵ مالیکی کەوتبوە ململانێیەکی شەخسی توندەوە، تا ئەو ڕادەیەی شیر و تیریان لەیەکتر هەڵدەسوی! هەموو ئەمانە بونە هۆی ئەوەی شەنگال بکرێتە قوربانییەکی گەورە! پێموایە هەڵبژاردنی شەنگال بۆ یەکەم هێرش لەلایەن داعشەوە، هەر لە خۆوە نەبوو، هەم باگراوندێکی دینی هەبوو، هەم بێخاوەنیەکەی قۆسترایەوە.

**بۆپێشەوە: هێزێکی زۆری پێشمەرگە و زێرەڤانی لە شەنگال بوون، بەتایبەت هێزەکانی پارتی، هۆکار چی بوو بەرگریان نەکرد؟ یان ئەگەر ئەو هێزانە رایان دەکرد، یان توانای بەرگریان نەبوو بۆچی خەڵکی شەنگال و ناوچەکەیان ئاگادارنەکردوە، تا ڕێگایەک بدۆزنەوەو ئەو کارەساتە ڕوونەدات؟ ئەو هەموو قوربانیەی لێ نەکەوێتەوە؟**

**کامەران محەمەد:** ڕەنگە قسەکانی نادیە موراد باشترین بەڵگە بێت، کە باسی لەوەکرد هێزەکانی پارتی پشتیان تێکردن و بونە هۆکاری ئەو قەتلوعامەی ئێزدییەکان بە دەستی دڕندەترین گروپی دینی سەدەی بیست و یەک. هەموومان دەزانین هێزی پێشمەرگە هێزێکی حزبییە و وەلائی بۆ سەرۆکی حزب هەیە، بۆیە هیچ گومانی تێدا نییە، ئەگەر سەرۆکی پارتی داوای شەڕی لەو هێزەی خۆی لە شنگال بکردبایە، بای ئەوەندە بەرگری دەکرا، کە ئەو کارەساتە گەوریەی لێنەکەوێتەوە، سەیر بکەن یەک چەکداری پارتی لە کەوتنی شەنگال لوتی بەخوێن دانەهات! هەڵنەگرتنی ئەو مەسولیەتە، بابەتێک نییە بەسەریدا گوزەر بکەین، دڵنیام ڕۆژگارێک دێت، بەرپرسانی ئەم تاوانە گەورەیە، لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

**بۆپێشەوە: زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەرهەڵدانی داعش یان هێزی لەچەشنی داعش بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**کامەران محەمەد:** بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان، ئەوەیە، کە داعش بزوتنەوەیەک نییە بە مێژوو نامۆ بێت، جیاوازییەکە هەر ئەوەیە، کە ئەو لەسەردەمی



تەکنەلۆژیا و سەری هەڵداوە، پێموایە داعش دوبارە نووسینەوەی لایەنە ڕەشەکانی مێژوی ئیسلامە بە فۆنتێکی گەورەتر. هۆکاری دووەم خودی ڕۆژئاوایە، دیارە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە سەرئامەدی ئەمریکا، لە پێناو دەستبەسرداگرتنی خێر و بێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوێ بە هیچ بەهایەکی ئینسانی نادەن و بە ملیۆنان مرۆڤ دەکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە سەرهەڵدانی گروپە قاعیدەزادەکان، قازانجی ئابووریی وڵاتە زلهێزەکانی تێدایە، دیارە قسەکانی هیلاری کلینتۆن لەمەڕ دروستبونی ئەو گروپە دینییە توندڕەوانە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە.
هۆکاری سێیەم فەشەلی حوکمڕانییە لەم وڵاتانەی، کە قاعیدەزادەکانی لێدروست دەبێت. نەبونی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بۆشاییەکی گەورەی دروستکردوە، ئیسلامییەکان زۆر باش ئەو بۆشاییەیان قۆستۆتەوە، چونکەلە کۆمەڵگەیەکی دینی، تەوژمی دینی لەبەرامبەر سیستەمێکی دیموکرات و عەدالەتخواز، چۆک دادەدات، بە پێچەوانەواش، لە حوکمڕانییەکی گەندەڵ و نا دادپەروەر، تەوژمی دینی چەکەرە دەکات، وەک ئەو تەوژمەی، کە ئێستا لە کوردستان، لە سایەی سەری پارتی و یەکێتی لە چ تەشەنەیەکی گەورە دایە.

**بۆپێشەوە: کارەساتی شەنگال، یەکێک لە گەورەترین کارەساتی هەزارەی سێهەم و پڕ قوربانیترین کارەساتی بەکۆمەڵی، کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە، کێ بەرپرسی سەرەکی ئەو کارەساتەیە؟ ڕۆڵی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان چییە لەو کارەساتەدا؟**

**کامەران محەمەد:** لە جیاتی بڵێین کارەساتی شەنگال، وا باشترە بڵێین تاوانی شەنگال، چونکە ڕوداوێکی سروشتی نییە، بەڵکو تاوانێکە، لەلایەن مرۆڤەوە و لە دژی مرۆڤ، زۆر بە ئاگایانە ئەنجامدراوە. پێموایە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپرسی سەرەکین و کەسیان لە پەراوێز نین، داعش هێرشکەرە و دەسەڵاتدارانی هەرێمیش نابەرگریکار، لەم نێوەندەدا، هەزاران مرۆڤ قوربانییە، کەواتە مەسولیەتی بەرگریکردن ئەرکێکی نیشتیمانی و ئەخلاقی بوو، کاتێک دەسەڵاتێک بەو هەموو جەبەڕوتیەی خۆیەوە، زاتی ئەوەی نەبێت ئەو مەسولیەتە لە ئەستۆ بگرێت و بە هەزاران کەس بکاتە قوربانی، کەواتە بەشێکی سەرەکییە لە تاوانەکە.

**سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتیش پارتی، کە هەمیشە بە هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانیەوە دەفشین، کاتێك هێزەکانی داعش پەلاماری شەنگال و دەوروبەریاندا، بێ هیچ بەرگرییەك رایانکردو بەسەدان هەزار ئینسانیان بەدەستی بەستراووەوە بۆ جانەوەرانی ئیسلام جێ هێشت. هێندە بێ شەرمانە رایانکرد. تەنانەت ئامادەنەبوون بەر لە ڕاکردنیان دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری ئاگادار بکەن، کە نایانەوێ یان ناتوانن بەرگری بکەن، تا لانی کەم خەڵك بیرێك لە خۆیان بکەنەوە یان بتوانن شار و شوێنی ژیانیان چۆڵ بکەن و کاریگەری ئەم کارەساتەو قوربانیەکانی کەم بکاتەوە...**

## درێژەی دوا وتە

ستەمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستانیان، کردۆتە ڕێگایەک بۆ بەشدار بوونی خۆیان لە دەسەڵاتی دڕندانە بەعسدا... لەو نێوەدا کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی و ململانی و ئاڵۆزی و بۆشایی کە لەنێوان وڵاتەکاندا هەبووە، کردۆتە پایەی جوڵەو هێزگرتن و ڕەوتی بەرەو پێشەوە بردنی بزوتنەوەکەیان، بزوتنەوەی کوردایەتی. لەجەرگەی ئەو ململانێیە و بەخۆ هەڵواسین بە پرسی خەڵکی کوردستانەوە لەلایەکەوە توانیویانە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی نارازەیەتی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا بۆ ڕزگاری زاڵ بکەن، لەلایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستانیان کردۆتە ئامرازێک لە کێشمەکێشەی نێوان خۆیان و بەعسدا. لەچوارچێوەی ئەم ململانێیەشدا، چاویان لە دڕندەیی بەعس پۆشیوەو ئامادەبوون دڕندەکانی ترو دژە خەڵکی کوردستان لە وڵاتانی ناوچەکە بکەنە پشت و پەنای خۆیان و بە فریاد ڕەس نیشانیان بدەن. خۆشخزمەتی بە ئێران تا ڕادەی پێش لەشکریان بۆ هێنانی پاسدارن بۆ سەر "دڵ و قودسی کوردستان" و هێرش بۆسەر کێڵگە نەوتیەکانی... تا دەگاتە پێش لەشکری بۆ سوپای ئێران بۆسەر هەڵەبجە و دەیان ناوچەی تر و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لەگەڵ پەلکیش کردنی سوپای تورکیا و هەڵدان بەسەر ئەتاتورک و جەنگ وەرێخستنیان لەدژی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و...تاد گۆشە بەگۆشەی کارنامەی حاشا لێنەکراوی خۆشخزمەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتین بۆ وڵاتانی چنگ بەخوێنی ناوچەکە.

کارەساتی بۆمبابارانی قەڵادزێ و هەڵەبجە، کیمیابارانی هەڵەبجەو دەیان ناوچەی تر.... تێک و پێکدانی سەدان دیهات و شارو شارۆچکەو تەختکردنیان لەگەڵ زەوی، تا دەگات بە ئەنفالی خەڵکی دەیان و سەدان ناوچە و گوللەباران کردن و بە کۆمەڵ ژێرخاک خستنیان.... هەموویان لە ململانێی نێوان ڕژێمی بەعس و بزوتنەوەی کوردایەتیدا ڕوویان داوە... بۆیە قوربانیانی ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕ و جینۆسایدە ئاشکرایە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕژێمی بەعس ئەنجامدەرو تاوانکاری سەرەکییە، بەڵام بەهەمان شێوەش حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوبەشن لە هەموو ئەو تاوانانەدا. لەوەش زیاتر ئاوڕ نەدانەوەی پێویست لە قوربانیانی دەستی ڕژێمی بەعس و قەرەبوونەکردنەوەیان و و دابین نەکردنی ژیانێکی شیاوی ئینسانی بۆیان، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بێباکی دەسەڵاتی قەوم پەرستانەی بزوتنەوەی کوردایەتییە.

هیشتا دیاری نەکردن و ئاشکرا نەکردنی چارەنووسی قوربانیانی شەری دەسەڵاتی ناوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتی و تەنانەت شوێنی گۆرەکانیان، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی و کۆنەپەرستانە، لە قوتابیانی هەمان قوتابخانەی دژە ئینسانی بەعس و ڕژێمەکانی ناوچەکەدان.

ئەگەر ئێستا بۆ خەڵکی کوردستان و بەشێکی زۆری دنیا دەرکەوتووە کە قوربانیانی دەستی بەعس کێن و لەکوێن و گۆرەکانیان لەکام بیاباندایە، بەڵام هێشتا بۆ خەڵکی کوردستان دیار نییە، گۆری قوربانیای جەنگی ناوخۆیی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، لەکام لێرەوارو بناری کام شاخ و تەپۆلکەدا، ژێر خاک خراون.

گۆرە بەکۆمەڵەکانی دەستی بەعس و گۆرە بۆ کۆمەڵە گومناو جێگا نادیارەکانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، گۆری ئەو ئینسانەن، کە بەدەستی ڕژێمی بەعسی گۆر بەگۆڕ و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، ژیانیان لێسەندراوەتەوە، هەردوو لاشیان ناسنامەکەیان ئایدۆلۆژیای قەومییە... ئەم واقعیەتە تاڵە هەزاران جار نەفرەت لە قەومپەرستی دەکات وپێویستی ئینساندۆستی، کردۆتە ویستێک بۆ ڕزگاری و بەچارەسەر گەیاندنی کیشەی خەڵکی کوردستان و زامنی دابین کردنی ژیانێکی شایستە بە ئینسانی ئەم سەردەمە.

**کۆتایی تەموزی ٢٠١٩**

**بانگەواز – لەندەن**

## با بۆ دیفاع لە کرێکاران و چالاکوانی سیاسی بێینەمەیدان!
## دەبێت ڕژێمی ئیسلامی دادگایی بکرێت نەک کرێکاران!

بانگەوازی کەمپینی پیکتی دوو ڕۆژەی نارەزایەتی دژ بە دادگایکردنی نوێنەرانی کرێکارانی کۆمپانیای نیشکری حەوت تەپە و دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی " هەنگاو " لەلایەن ڕژێمی تاوانبار و دژی کرێکاری ئیسلامی ئێران، لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی سەفارەت و کونسوڵگەری ڕژیم لە لەندەن.

ڕژێمی تاوانبار و دژی کرێکاری دەیەوێت نوێنەرانی کرێکارانی کۆمپانیای نیشکری حەوت تەپە و دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی " هەنگاو " کە ئەم کەسانەن لە ڕۆژی ٣ ی ئۆگەستی ٢٠١٩ لە یەکێک لە دادگاکانی ڕژێمی هاری ئیسلامی سەرمایە لە تاران دادگایی بکات.

١- اسماعیل بەخشی ٢- علی نەجاتی ٣- سپیده قلیان ٤- ساناز الهیاری ٥- امیر حسین محمدی فرد
٦- عسل محمدی ٧- امیر امیر قلی

ئێمە بۆ هاوپشتی ئەوان و لە نارەزایەتی بە دادگایی سەرکوتگەرانەی ڕژێمی ئیسلامی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ١٢ی نیوەڕۆوە تا دەرەنگانێکی ئێوارە پیکتی نارەزایەتی ئەنجام دەدەین.

ئێمە کە ئەم کەمپینەمان واژووکردووە داواکارین لە هەموو کەسانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لە بەریتانیا لەم نارەزایەتیەدا لەگەڵمان بن، وە هەوڵبدەین ئەم ڕۆژە بگۆڕین بە ڕۆژی دادگایکردنی تاوانباری ڕژێمی ئیسلامی ئێران. ئێمە داواکاری بەشداری و هاوکاری هەموو حزبە چەپ و کۆمۆنیست و کەسایەتی خەباتکار و ئازادیخوازین.

**ڕۆژەکانی هەینی و شەممە (دوو و سێی) ئۆگەست لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆوە تا درەنگانێکی ئێوارە.**
**ڕۆژی شەممە لە کاتژمێر ٢ وە بە ڕێپێوان لە بەردەم سەفارەتەوە بە ڕەو کونسولگەری ڕژێمی ئیسلامی دەڕۆین.**

**ڕۆژەکانی ٢ و ٣ی ٨ی ٢٠١٩**

**داواکارین لە هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی دانیشتوی لەندەن و دەوروبەری لەم پیکتە نارەزایەتیەدا بەشداری**

## نا بۆ تۆمەت دروستکردن و دادگایی کرێکاران و هەڵسوڕاوانی سیاسی!
## بڕوخێت ڕژێمی تاوانبارو دژی کرێکاری ئیسلامی ئێران!

**ئەو کەسانەی کە واژوومان کردووە:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەحمەت فاتحی | ڕەئوف ئەفسایی | علی خدری | ئەڵماس فرضی | علی دماوندی |
| سعید ئارمان | نوری بەشیر | ابراهیم محمد | محسن حسینی | صحرا هروی |

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە:**
07877489626 - 07476204121 – 07740076631

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو کیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی ناامنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com www.bopehsawa.net

سالی سێهەم، ژمارە (57) 1/8/2019 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆپێشەوە

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود،هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدالرحمن رەسوڵ،سەردار عەبدوڵا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، عوسمان قادر، ئەکرەم مەحمود، بێریڤان محەمەد
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"کۆمەڵکوژی خەڵکی شەنگال"

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد


بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com


بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


## فاروق الفیشاوی؛ هونەرمەند و مرۆڤ دۆست



٢٥/٧/٢٠١٩ گەورە ئەکتەری ناسراوی سینەمای میسری فاروق الفیشاوی بەجێیهێشتین دوای ئەوەی توشی نەخۆشی شێرپەنجە ببوو. لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا ژیانی لەدەستدا. کەمن ئەو هونەرمەندان و ئەدیب و نووسەرانەی خاوەنی هۆشیاری و دیاریکردنی دەقیقی تەگەرەکانی سەردەمەکەیان و ئاستەنگی وڵاتەکانیان بن. فیشاوی یەکێک بوو لەوانەی دەیگووت "سەرچاوەی هەژاری و برسیەتی لە میسر هاوئاهەنگی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان و دەزگا داراییە جیهانیەکانە لە بەتاڵانبردنی ماندووبوونی ملیۆنان کەس، لە ڕێگەی لەبەرگرتنەوە و سکهەڵگوشین و باجەوە، هەروەها بڕینی کۆمەک و پشتیوانی حکومی لە نان و گواستنەوە و تەندروستی و پەروەردە و ...تاد.
ئەنجامەکەشی نوقمکردنی میسر لە دنیای برسیەتیەک کە لە کەم لە وڵاتانی جیهاندا وێنەی هەیە.
ئەم هونەرمەندە وەک مرۆڤێک هەستی بە معاناتی جەماوەری وڵاتەکەی دەکرد و زۆر باشیش هۆکارەکەی دیاریکردووە. بەردەوامیش وەک بیرمەندەکانی میسر و شەرەفمەندەکانی میسر هاواری دەکرد"نا بۆ خۆکوژی ئابووری لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی".

## لەماوەیەکی زۆر کەمدا
## ٥ کرێکار بە هۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە



بەرواری ٢٤ تەموز بەهنام تارین، کە تەمەنی ٢١ ساڵ بوو، لەکاتی کارکردندا لەیەکێک لە بیناکانی شاری سلیمانی بەهۆی تەزووی کارەباوە گیان لەدەست دەدات... بەهنامی لاو خەڵکی لادییەکی نزیک شاری مەریوان بوو، بەدوای ناندا بۆ کارکردن رووی کردبووە شاری سلێمانی.
ڕێک دوو هەفتە بەر لەو ڕووداوە کرێکارێکی تر بەناوی" فەرەیدون ڕەعنایی" لە کاتی کارکردندا و لە بینایەک لەشاری سلێمانی دەکەوێتەوە خوارەوە گیان لەدەست دەدات. فەریدون خەڵکی شاری بۆکان بوو، کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رووی کردبووە کوردستانی عێراق.
بەرواری ٢٧ تەموز لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی "مەحمود حەسەن" لەکاتی کارکرنیدا لە گوندی ئەلجەدیدەی سەر بە ناحیەی تازە خورماتوی باشوری کەرکوک بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەستدا.
بەرواری ٢٦/ ٧ کرێکارێک بەناوی بەشار محەمەد کە کۆمپانیایەکی نەوت کاری دەکرد، بەهۆی کەش و هەوای و ناتەندروست بوونی شوێنی کارەکەی گیان لەدەست دەدات...
بەرواری ٢٥ تەموز، کرێکارێکی تر بەناوی " یوسف ئەسعەد" تەمەن ١٧ ساڵ لەکاتی کارکردن بۆ کۆمپانیای شکار کە خەریکی پاککردنەوەی شەقامە، گیانی لەدەستدا...
هەموو ئەو قوربانیانە، قوربانی دەستی چاوچنۆکی سەرمایە و خاوەنکارە قازانج پەرستەکانن، قوربانی نائەمنی شوێنی کار و نەبوونی پێداویستیەکانی کارن، قوربانی نەبوونی لێپرسینەوەن لە خاوەن کارەکان و سەرمایەدارەکانن... قوربانی نیزامی زاڵمانەی سو پەرستی سەرمایەدارین...

## دوا وتە

# قەوم پەرستی و گۆڕە بەکۆمەڵەکان...



**عەبدوڵا مەحمود**

بەرواری ٢٣ی تەموز، سێ گۆڕی بەکۆمەڵ لە تەڵلەت ئەلشیخیە لە بیابانەکانی سەماوە دۆزانەوە، یەکێک لە گۆرە بە کۆمەڵانە کە نزیک بەسەد کەسی تیابوو هەڵدرایەوە، زوربەی ئەوانەی لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا بوون ژن و منالْ بوون، دوای ئەوەی گولله باران کرابوون بە جل و بەرگ و شمەکی لەشیانەوە، ژێر خاکی لمین خرابوو.
دۆزینەوەی بەردەوامی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە، هێمایەکی رۆشنە بۆ ئەوەی کە هێشتا دەیان گۆری بەکۆمەڵی تر بەشاراوەیی ماونەتەوە، هاوکات ئەو گۆرە بە کۆمەڵانە، بەجیا لەوەی ماهیەتی دڕندەیی رژێمی بەعسی قەومی گۆر بەگۆڕمان نیشان دەدات، هاوکات لەوەش واوتر دڕندەیی ئایدۆلۆژیای قەوم پەرستی دەخاتە ڕوو. وە ئەو ڕاستیە چەند بارە پێشچاو دەخاتەوە، کە قەوم پەرستی سەرچاوەی قڕکردنی نەتەوەکانی دەرەوەی خۆیەتی، سەرچاوەی فاشیزم و نازیزم و راسیزمیشە.
رژێمی گۆر بەگۆری بەعس، چونکە پایەی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی لەسەر ناسنامەی قەومی عەرەبی دامەزراندبوو، هەموو هاوڵاتیانی دەرەوەی قەومیەتی عەرەبی بە پلە دوو تەماشا دەکرد و هەوڵی دەدا هەمووشیان لە بۆتەی ناسنامەی قەومی عەرەبیدا بتوێنێتەوە. هەر بەرەنگاری و نارەزایەتیەکیش بەرووی ئەو سیاسەتە قەوم پەرستانەو دەوڵەتەکەیدا بە شکاندنی شکۆی نەتەوە" عەرەب" و تێکدانی ئارامی نەتەوەیی و ڕێزنەگرتن لەسەروەری نیشتیمانی لەقەڵەم دەدا و بەو هۆکارەش بە زەبروزەنگی دڕندانەی قەومی بەرەو رووی دەبوەوە. لەبەرامبەردا بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر بنەمای ئەو ستەمە قەومییەی دەسەڵاتی قەوم پەرستی عەرەبی دایسەپاندبوو، هاتوونەتە مەیدانی وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتی بەعسدا، بەڵام بەهەمان ئایدۆلۆژیای قەومی... واتە ڕێگاچارەی خۆیان بۆ وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتی قەوم پەرستانەی عەرەبیدا، بە بەدەستەوە گرتنی ناسنامەی قەومی کوردییەوە، دەستپێکردووە. واتە لەجێگای نەفرت کردن لە ئایدۆلۆژیای قەوم پەرستانەو دەسەڵاتدارێتی بەعسدا، خۆشیان بوونە هەڵگری ناسنامەی قەومی و لە پێناو دەستڕاگەیشتن و بەشداری بوونیان لەدەسەڵات لەگەڵ دەسەڵاتی قەوم پەرستانەو دڕندانەی بەعسدا. بۆیە هەمیشە لە بازنەی" شەڕ، مفاوەزات، شەڕدا" بوون.
لەو چوارچیوەیەشدا بۆ ئەوەی رژێمی بەعس ناچار بکەن بۆ گفتوگۆ و سازان، سڵیان لە هیچ جۆرە خۆشخزمەتی و نۆکەر پیشەییەک بە وڵاتانی تری کۆنەپەرستی ناوچەکە نەکردۆتەوە...

بۆ لاپەڕە ١٥

### بەرهەمی هونەرمەند بێریڤان محەمەد



### بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا




## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 13/8/2019